# شاری هەولێر لە یادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا لە سەدەی نۆزدەهەمدا

## (لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی ئاوەدانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی)


**د.کامران محمد حاجی**

**بەشی مێژوو-کۆلیژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین**

**Kamaran.haji@su.edu.krd**



**https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.014**

**کلیلی توێژینەوە: شاری هەولێر، گەڕیدەکان، قەڵا، منارە، جولەکەکانی هەولێر.**



## پوختە

بایەخی گەشتنامەکان و ئەو سەرنج و تێبینیانەی گەڕیدەکان تۆماریان کردووە، کەرەستەیەکی گرنگن بۆ رووناکی خستنە سەر لایەنە شاراوەکانی مێژووی کورد. بەتایبەت لەبارەی ئەو ماوە مێژووییانەی کە زانیارییان لەبارەوە کەمە. بۆیە دەکرێ تێبینی و سەرنجی گەڕیدەکان، دوای وردبینیکردنیان، ببنە کەرەستەیەکی باش بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

هەر لە سۆنگەی بایەخی گەشتنامەکانەوە بوو، ئەم بابەتەمان بەناونیشانی(شاری هەولێر لەیادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا لەسەدەی نۆزدەهەمدا/ لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی ئاوەدانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی) وەکو بابەتی توێژینەوە هەڵبژارد. دوای نووسینی پێشەکییەك بۆ بابەتی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی دابەش کردووە. لەتەوەری یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر سەرنج و زانیارییەکانی گەڕیدەکان لەبارەی بارودۆخی ئاوەدانی شاری هەولێر. لە تەوەری دووەمیشدا سەرنج خراوەتە سەر بارودۆخی ئابووری شارەکە، لێرەشدا تێبینی و زانیارییەکانی گەڕیدەکانمان خستۆتە روو کە لەبارەی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەگەریی و پیشەکانی تردا نووسیویانە. هەرچی تەوەری سێیەمە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری هەولێر، لێرەدا زانیاری و تێبینییەکانی گەڕیدەکانمان لەبارەی ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوان، گوزەرانی خەڵك، هەلومەرجی تەندروستی و ئاستی رۆشنبیری ، داب و نەریتە باوەکان و هیتر خستۆتە ڕوو.


## پێشەکی

دەکرێ یادداشتی گەڕیدەکان و ئەو سەرنج و تێبینییانەی تۆماریان کردووە ببنە کەرەسەیەك بۆ لێکۆڵینەوە. ئەگەرچی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی گەشت و گەڕانی گەڕیدەکان جۆراو جۆرن، وەکو: سیاسی، ئابووری، ئایینی و سەربازی و ...هتد، واتا رەنگە هەر یەکێك لەو پاڵنەرانە رۆلی هەبێت لە دارشتنی چۆنییەتی تێڕوانین و خستنە رووی زانیبارییەکانیان، کە رەنگە هەندێ جار جێگای گومان و هەڵوەستە لەسەرکردن بن، لەگەڵ ئەوەشدا و دوای شەن و کەوکردن و بەراوردکردنی زانیارییەکان لەگەڵ سەرچاوەی تری باوەڕپێکراودا، توێژەر

دەتوانێ زانیاری باش وەکو کەرەستەی بواری لێکۆڵینەوە لە یادداشتی گەڕیدەکان هەڵێنجێ و سوودیان لێ ببینێ.

هەر لەسۆنگەی بایەخی یادداشتەکانەوە بوو ناونیشانی (شاری هەولێر لەیادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا لەسەدەی نۆزدەهەمدا/ لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی ئاوەدانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی)مان وەکو بابەتی توێژینەوە هەڵبژارد.

لەماوەی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا رووبەڕووی چەند گرفتێك بووینەوە. لە گرنگترین ئەو گرفتانە پرسی وەرگێرانی دەقەکان بوو، ئەوانەی تاکو ئێستا بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێردرابوون، چونکە وەرگێران هونەرێکە دەبێ توێژەر لێی بە ئاگابێت، بەتایبەت سەبارەت بەو وشە و دەربڕینانەی کە گەڕیدەکان لە یادداشت و گەشتنامەکاندا تۆماریان کردوون. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ راست و دروستیی ئەو زانیارییانەی کەوا گەڕیدەکان تۆماریان کردووە، گرفتێکی تر بوو، چونکە هەر یەکێك لە گەڕیدەکان بە ئامانجێکی دیاریکراو سەردانی ناوچەکەیان کردبوو.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی ئاوەدانی شاری هەولێر لە دیدی گەڕیدەکان و تێبینی و سەرنجەکانیان کە لەم بوارەدا خستوویانەتە روو. لەم رووەوە هەوڵمانداوە بەراوردی نێوان زانیارییەکانی ئەو گەڕیدانە بکەین و شەن و کەویان بکەین.

لە تەوەری دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی ئابووری شارەکە، لێرەشدا تێبینی و زانیارییەکانی گەڕیدەکانمان خستۆتە روو کە لەبارەی سێکتەرەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەگەریی و پیشەکانی تردا نووسیویانە. هەرچی تەوەری سێیەمە، ئەوا تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری هەولێر، لێرەدا زانیاری و تێبینییەکانی گەڕیدەکانمان لەبارەی ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوان، گوزەرانی خەڵك، هەلومەرجی تەندروستی و ئاستی رۆشنبیری ، داب و نەریتە باوەکان و هیتر خستۆتە ڕوو. بە بەڵگە و زانیاری زیاتر شرۆڤەی هەر یەك لەم پرسانە کراوە. لە ئەنجامیشدا ئاماژە بە چەند خاڵێك کراوە کە توێژەر لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوە بەستووە، سەرەکیترینیان بریتین لە یادداشت و راپۆرتی ئەو گەڕیدانەی کە سەردانی شاری هەولێریان کردووە، یان لە نزیکەوە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لە بارەی بارودۆخی شارەکە تۆمار کردووە. هەروەها لە پێناو روونکردنەوە و ناساندن و دەستەبەرکردنی زانیاری سەرباریشدا، پەنامان بۆ ژمارەیەك سەرچاوەی تر بردووە کە گرنگی خۆیان هەبووە، لە نێویشیاندا ئەو راپۆرتە فەرمی و توێژینەوانەی کە لەبارەی شاری هەولێرەوە نووسراون، سوودیان لێ بینراوە.

**تەوەری یەکەم/ بارودۆخی ئاوەدانی شاری هەولێر:**

دوای تێڕوانین لە یادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا، ئەوانەی لەماوەی سەدەی نۆزدهەمدا سەردانی شاری هەولێریان کردبوو، یاخود ئەوانەی لەمیانەی گەشتەکانیاندا گبە کوردستان و ناوچەکەدا گەڕابوون، دەبینین ژمارەیەکیان سەرنج و تێبینی و زانیارییان لەبارەی شاری

هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری خستۆتە روو. لێرەشدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر گرنگترین رواڵەتەکانی ئاوەدانی شارەکە، سەرەتاش لە باسی قەڵاکەوە دەست پێ دەکەین؛ دۆپرێ Dupre (1)ی گەڕیدەی فڕەنسی لە رێکەوتی(17ی تشرینی یەکەمی 1807) بە هەولێردا تێپەڕیوە و بە**"شارێکی بچووك"** وەسفی دەکات. لەبارەی قەڵاکەش دەڵێ لەسەر گردێکی دەستکرد بنیاتنراوە و بەیەکەوە شارێکی بازنەیی بە خەندەق دەورەدراویان پێك دەهێنا، لە قەڵاکەشدا چەند دەلاقەیەك بۆ مەبەستی تفەنگ لێوە هاویشتن هەبووە(بطرس حداد[المترجم]، 2011: ص82).

لە ساڵی(1816)دا، جێمس بەکنگهام(2) جارێك وەکو**"گەورەترین شار"** کە بینیبێتی لەدوای دەرچوونی لەشاری موسڵ، جارێکی تریش وەکو**"گوند"** ناوی شارەکەی هێناوە. قەڵای هەولێریش، لەشێوە و قەبارەکەیدا، بە هەردوو قەڵای(مەیسەلون)لە باشوری دیمەشق و قەڵای حەڵەب دەچوێنێت. ناوبراویش لەگەڵ ئەوەدایە کە قەڵاکە لەسەر گردێك بنیات نراوە، دەستکردی مرۆڤە و شێوەی چوارگۆشەییە و بنکەکەی لەسەر گردێکی دەستکرددایە و لەناو شوراکەشیدا کە ئەویشیان لەبەرد دروستکراوە، ژمارەیەکی زۆر لە خانوو هەیە(بكنغهام، 1968: ص126_127).

ساڵێك دوای بەکنگهام، ولیەم هیوود(3)ی گەڕیدەی بریتانیی، سەردانی هەولێری کرد و باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە قەڵاکە کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەکەوە و لەسەر بەرزاییەکی دەستکرد بنیات نراوە کە بەسەر پێدەشتەکەدا دەڕوانێت. لەباسی قەڵادا نووسیویەتی**"بەچاو وەکو بارستێکی بێشوماری کەلاوە و کەرەسەی بەسەریەکداکراو دیارە"**(هیود، 2012: ل65). وا دیارە کە هیود لە تۆمارکردنی زانیارییەکانیدا لەبارەی هەڵکەوتنی قەڵای هەولێر لە ناوەڕاستی شارەکەدا، بەهەڵەدا چووە، تەنانەت هیچ یەکێك لەو گەڕیدانەی لەو ماوەیەدا سەردانی هەولێریان کردبوو، بەم جۆرە باسی قەڵایان نەکردووە.

---

(1) ئەدریان دۆپرێ، کوڕی کونسوڵی فڕەنسا بووە لە تەرابزۆن، زمانەکانی تورکی و فارسی زانیوە. ماوەیەکی زۆر وەکو وەرگێڕ لە کونسوڵخانەکانی فڕەنسا لە رۆژهەڵات کاری کردووە، دواتر خۆیشی بۆتە کونسوڵ. لە نێوان ساڵانی(1807-1809) گەشتێکی بە ناوچەکەدا ئەنجامداوە. ئامانجی گەشتەکەشی بازرگانی و ناسینی شوێنە جوگرافییەکان بووە. عەبدوڵڵا، نەجاتی، 2009، *بیبلۆگرافیای کوردناسی/ کورد و کوردستان لە سەرچاوە فڕەنسییەکاندا* ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ل244-245.

(2) بەڕەگەز بریتانییە، لەساڵی(1786) لە شاری(فالمۆت) لەدایك بووە. لە هەرەتی لاوێتییەوە متووی گەڕان و دەریاوانی بووە. ماوەیەك لە یەکێك لە دامەزراوە کارگێڕییەکانی سەر بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی بریتانیی لە هیندستان کاری کردووە. لەساڵی(1816) گەشتێکی بە ناوچەی میزۆپۆتامیادا کردووە و لە میانەیدا سەردانی شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوك، بەغدا و چەند شوێنێکی تری کرد. لە نێوان ساڵانی(1832) و (1837) وەکو ئەندامی پەرلەمانی بریتانیی کاری کردووە. ناوبراو لەساڵی(1855) کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: بكنغهام، جمس ، 1968, *رحلتي الى العراق*، ترجمة: سليم طه التكريتي، مطبعة اسعد، بغداد، ص3-5.

(3) بە رەگەز ئینگلیزە و لە(20ی کانوونی دووەمی 1789) لە شاری(روان) لە فڕەنسا لەدایك بووە. بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی فڕەنسی بنەماڵەکەیان دەگەڕێنەوە بریتانیا. لە ساڵی(1804) پەیوەندی بە کۆمپانیای هیندی بریتانیی دەکات، دوای ئەوەش لە دامەزراوەی(مەدراسی سەربازی) وەکو ئەفسەر بە پلەی(لیوتینان) وەردەگیرێ. لە ساڵی(1816) لە هیندستانەوە گەشتێك بەرەوە ئەستانە تەواو دەکات لە(ئایاری1825) و لەتەمەنی(36)ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: عەبدوڵڵا، نەجاتنا(وەرگێڕ) ، 2012، *سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی1817* ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر، ل31.

گەڕیدەی بەناوبانگی بریتانیی، کلۆدیۆس جێمس ریچ(4)، کە لەساڵی(1920) سەردانی هەولێری کردبوو، لە باسی شارەکەدا نووسیویەتی**"بەشێکی شارەکە ئەکەوێتە سەر گردە توورەکەڕێژەکە و، بەمە ئەڵێن قەڵا"**. ناوبراو بەرزایی قەڵا بە(150)پێ و چێوەکەشی بە(400)یاردە دەخەمڵێنێت، بەڵام وەکو بۆمان باس دەکات کە پێشتر لەم ئاستەی ئەوکاتی بەرزتر بووە(ریچ، 1992: ل343_344). لە ساڵی(1830)دا مزگێنیدەرێکی بەڕەگەز لیتوانیی، بەناوی رابی دێڤید هیلێل(5)(Rabbi David D' Betti Hillel)سەردانی هەولێری کردووە و نووسیویەتی:**"ئەرفیل[بەم جۆرە ناوی هێناوە]شارۆچکەیەکی کۆنە، لەسەر گردێکی بچووکی دەورەدراو بە دیواری نزم بنیات نراوە. لە ژمارەیەك لە خانووی هەژار پێکهاتووە ,"**( Hillel1832: p.61).

گەڕیدەی بریتانیی جەی.شێل(J. Shiel) کە لە ئێوارەی(16ی ئابی1836)دا گەشتبووە هەولێر، باسی ئەوە دەکات کە شاری هەولێر دەکەوێتە سەر گردێکی گەورە بە بەرزایی (60)تا (70)پێ، درێژییەکەیشی بەنزیکەی(274)مەتر خەملاندووە، لەکاتێکدا پانییەکەی بە نزیکەی(182)مەتر داناوە. هەروەها باسی بوونی دیوارێك دەکات کە لە خشت دروستکراوە، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بە جۆری خشتەکان بکات، کە وەکو شورایەك وابووە و چەند دەلاقەیەکی بچووکی تێدابووە. ناو براو ئەم بەشەی سەر قەڵاکە بە **"شاری سەرو[یان بەرزە شار]** "ناو دەبات(Shiel, 1838: p.99). مزگێنیدەرێکی تر لە (شوباتی1851)دا سەردانی شارۆچکەی (عەنکاوە)ی کردبوو، نزیکەی پێنج رۆژان لەوێ مابۆوە،نووسیویەتی:**"لەبنەڕەتدا[هەولێر] لەسەر گردێکی دەستکرد بنیات نراوە، ئەمەشیان بۆ بەرگریکردنە...دیوارەکانی شارەکەی سەروو لە خشتی سوورەوەکراو دروستکراوە، هەروەها خانووەکانیش بەهەمان شێوە. کۆڵانەکان زۆر تەسکن و دیمەنێکی پۆخڵیان هەیە"**(The Missionary Herald, 1851, Vol:xlvii: p.188).

(4) لە(28ی ئاداری1787) لە نزیك(دیجۆن)ی سەر بە شاری(بوگەندی) لە فەرەنسا لە دایك بووە. ماوەیەك دوای ئەوە بنەماڵەکەیان روو لە بریتانیا دەکەنەوە و لە(بریستۆڵ) نیشتەجێ دەبن. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ریچ خولیای ئاشنابوون بە زمان و توێژینەوە لەبارەی زانستەکانی رۆژهەڵات دەبێ و لەم رووەوە بلیمەتیی لێ بەدی کراوە. لە ساڵی(1803) پەیوەندی بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی بریتانیی دەکات و دوای ساڵێك بەرەو هیندستان دەکەوێتە ڕێ. لە نێوان ساڵانی(1808-1821) وەکو بەڕێوەبەری نشینگەی بریتانی لە بەغدا کار دەکات. لەساڵی(1820) بە بیانووی پارێزگاری کردن لە تەندروستی خۆی و حەسانەوەی، روو لە ناوچەکانی کوردستان دەکات. ناوبراو لە(5ی تشرینی یەکەمی 1821) بەهۆی تووشبوونی بە پەتای(رشانەوە) کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ریچ، کلودیوس جەیمس، *گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان*، 2012، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ل25-31.

(5) ناوبراو لە(لیتوانیا) لەخێزانێکی پابەند بە ئایینی جولەکە لەدایك بووە. لە ساڵی(1815) چوونەتە فەلەستین و لە(سەفەد)نیشتەجێ بوونە. دواتر بۆ سەر ئایینی مەسیحی هەڵگەڕاونەتەوە. دوای ئەوە بە مەبەستی کاری مزگێنیدەری و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کۆمەڵگا جولەکە نەناسراوەکان گەشتێکی لەنێوان ساڵەکانی(1824-1832) بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا ئەنجام داوە. لەمیانەی گەشتەکەیدا بە چەند ناوچەیەکی کوردستانیشدا تێپەڕ بووە ،لە ساڵی(1946) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:
براور، اریك ، 2009، *يهود كردستان* ، ترجمة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني ، دار آراس للطباعة و النشر ، اربيل ، ص37-39.

لەساڵی(1856)یشدا گەڕیدەیەکی فەرەنسی بەناوی ئەی. کلیمان(A. Clement) سەردانی هەولێری کردووە و نووسیویەتی:**["هەولێر] نزیکەی وەکو زۆربەی شارە عەرەبییە کۆنەکان بۆ سەر بەرزەشار و نزمەشار دابەش دەبێ. یەکەمیان[سەر قەڵا]لەسەر گردێکی بازنەیی بەرز بەقەد دوو هێندەی بەرزایی ئەکرۆپۆڵ(Acropole) لە ئەسینا دەبێت و لە چوارسەد خانووی لە خشت و قوڕ دروستکراو پێکهاتووە. کە شورای لە خشت دروستکراو دەوریان دەدەن"** (Clement, 1866: p.263).

لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەڕیدەیەکی هۆڵەندی بە ڕەگەز فەرەنسیی، بەناوی شیڤالێ لێکلاما نیژهۆڵ(6)(Chevalier Lycklama a Nijieolt)سەردانی هەولێری کردبوو. ناوبراو باسی ئەوەی کردووە کە هەولێر لە شوێنێکی نموونەییدا هەڵکەوتووە و لەسەر گردێکی دەستکرددا بنیات نراوە و شوراکەشی لەبارێکی خراپدایە. هەروەها ناوبراو باسی ئەوەشی کردووە کەوا ئەفسانەیەکی میللی هەیە باس لە بوونی داڵانێك دەکات بۆ ژێریەوە و بۆ سەردەمی(داریوش) دەگەڕێتەوە (Lycklama, 1874: p.95). مەبەستی لێکلاما ئەوەیە کە گوایە کاتی خۆی داریوشی ئەخمینی دوای شکستە گەورەکەی لە شەڕی(گۆگامێلا) هاتۆتە هەولێر، هەروەکو هەندێ سەرچاوە باسی لێوە دەکەن Gerry, 1878: p.35: Lycklama, (1874: p.95; Newman, 1876 : p.229)

لە(تەموزی 1869)، گەڕیدەیەکی ئیسپانیی بە ناوی ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا( Adolfo Rivadeneyra) سەردانی هەولێری کردووە و لە باسی قەڵای هەولێردا نووسیویەتی:**"قەڵاکە تا ئەندازەیەك لە قەڵای کەرکوك دەچێ، لەوانەیە کەمێك گەورەتر بێت، ڕووەکەشی لێژایی زیاترە، بەڵام دەروازەی چوونە ژوورەوەی دیمەنێکی جوانی بەخشیوە"**(ریڤادینێرا، 2009: ص99). لە(3ی کانونی دووەمی1877)دا، هورمز رەسام (Hormuzd Rassam) (1826_1910)ی گەڕیدە و شوێنەوارناسی بریتانیی سەردانی هەولێری کردبوو و باسی بەپەرۆشی خۆی بۆ ئەنجامدانی کاری کنە و پشکنین لە قەڵاکە دەکات، کەچی لەبەر مەترسی ئەوەی نەبادا دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەئاسانی ڕێگایان پێ نەدەن، کاری تێدا نەکردووە. ناوبراو باسی ئەوەش دەکات کەوا لەبوونی پارچە شوێنەواری گرنگ لە قەڵاکە دڵنیایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوا لەقووڵایی ژێرەوەی گردەکەدان، بۆیە خەڵکیی هیچ پاشماوەیەکی شوێنەوارییان نەدۆزیوەتەوە. ئەوەی دۆزراوەتەوە بریتییە لە هەندێ لوولەکی بچووك و مۆری چاخی بارسی(Rassam, 1897: p.296). وا دیارە کە رەسام ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەبووە لە سەردانیکردنی شاری هەولێر، کە کاری شوێنەوارناسیی بووە، بۆیە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی زانیاری زیاتر لە بارەی لایەنەکانی تری تایبەت بە شارەکە بەدەستەوە بدات.

گەڕیدەی بریتانیی گراتان گێری(Grattan Geary) کە لە ساڵی(1878)دا لەڕێگای کەرکوکەوە رووی لە هەولێر کردووە، لە کاتی نزیکبوونەی لە شاری هەولێر دەڵێ:**"...لە کاتژمێر دە[شەو]دا قەڵامان وەکو گلۆتێکی ڕەش لەگەڵ شاری ئەربێلا بینی کە لە تاریکاییدا لەپێشمان بەرزدەبۆوە"**. ناوبراو لە باسی قەڵای هەولێردا، ئاماژە بەوە دەکات کە قەڵاکە

---

(6) ناوبراو لەماوەی نێوان ساڵانی(1865-1868) بە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و رووسیاشدا گەڕاوە. لە بەرگی(3) و (4)ی گەشتنامەکەیدا لە چەند جێگایەکدا باسی کوردستان و شارە کوردییەکانی کردووە. بڕوانە: . نەجاتی عەبدوڵڵا ، *سەرچاوەی پێشوو* ، ل261-262.

لەسەر گردێك بنیات نراوە، لەگەڵ خەندەقێكی قووڵ كە پڕ بووە لە ئاوی بۆ گەن وەكو هی زێراب و بەرەو بنكەی قەڵاكە چووە(Gerry, 1878: p.32). تەنها ساڵێكیش دوای گێری، مزگێنیدەرێكی فڕەنسیی بەناوی ژاك ریتۆرێ(7) لە(حوزەیرانی1879)سەردانی هەولێری كرد و لە یادداشتەكانیدا نووسیویەتی:**"ئەرڤیل[بە Arvil ناوی شارەكەی بردووە] یان ئەربیل، ئەربێلای كۆن، ئەمڕۆ هێشتا لەسەر هەمان شوێن[قەڵا]ی كۆنی شاری ئاشوریدایە. شارەكە كەوتۆتە سەر بەرزاییەك كە بەشێوەیەكی رێك و پێك بەدەستی مرۆڤ بنیات نراوە و لەوێوە بە شكۆوە بەسەر تەواوی پێدەشتەكەدا دەڕوانێت..."**(رێتۆرێ، 2008: ل26).

لە میانەی خستنەڕووی سەرنجی ئەو گەڕیدانەی ئاماژەمان بۆ كردن، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كەوا زۆرینەیان لەسەر ئەوە كۆكن كەوا ئەو بەرزاییەی قەڵای هەولێری لەسەر بنیاتنراوە لە دەستكردی مرۆڤە، نەوەك گردێكی سروشتی. هەروەكو گەڕیدەیەكی تریش كەوا لە رۆژی شەممە(20ی كانونی یەكەمی 1884) گەیشتبووە هەولێر، نووسیویەتی: قەڵاكە لەسەر گردێكی دەستكردی گەورە بنیات نراوە و تا ئەو كاتەش ئاوەدان بووە. هەروەها ئاماژە بە دیوارەكانی سەرەوەی قەڵا دەكات كە چۆن دەوری قەڵاكەیان داوە تاكو لە دەروازەی چوونە ژوورەوەكەدا بەیەك دەگەن. لەهەمان راپۆرتدا هاتووە:**"گومان لەوەدا نییە كە گەنجینەیەكی مەزن لەژێر[قەڵا]ی شارەكەدا هەیە، بەڵام ئەوە كاری من نییە تا بەدوای پەرستگای عەشتاردا بگەڕێم، كە بەبێ گومان لێرەیە" (**Ward, 1886: p.15_16)**.**

شایانی باسە كە ئەو گەڕیدانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی هەولێریان كردبوو، باسی گەڕەكەكانی سەر قەڵای هەولێریان نەكردووە و تەنانەت ناویشیان نەهێناون، لەكاتێكدا ئەوە زانراوە كە لە كۆنەوە چەند گەڕەكێك لە سەر قەڵای هەولێر  بە ناوەكانی(سەرای، تۆپخانە، تەكیە)هەبوونە و لە سەرچاوەكانیشدا ناویان هاتووە و تاكو دەیەی یەكەم ودووەمی سەدەی بیستیش مابوونەوە(قادر، 2008: ل26).

هەرچی باری ئاوەدانی بەشی خوار قەڵای شارەكەیە كە(كورتەك)یشی پێ گوتراوە(رێتۆرێ، 2008: ل26)، ئەوا لە نووسین و یادداشتی گەڕیدەكاندا تاڕادەیەك باسی لێوە كراوە. لەبارەی خانووەكانی ئەم بەشەی شارەكە، جۆن ماكدۆناڵد كینیێ (8)( John

(7) گەڕیدە و مزگێنیدەرێكی فڕەنسیی بوو. لە (21ی ئابی 1841) لە یەكێك لە ئەسقەفییەكان لە فڕەنسا لەدایك بووە. دوای وەگرتنی مەرتەبە ئایننیەكان، خۆی بۆ كاری مزگێنیدەری تەرخان دەكات. لەساڵی(1874) بە هاوەڵی یەكێك لە نوێنەرەكانی پاپا دەگاتە میزۆپۆتامیا و تاكو ساڵی(1879) لە نشینگەی (مار یەعقوب)دەمێنێتەوە و شارەزایی لەبارەی زمان و ئەدەبی ئاسووری-كلدانی پەیدا دەكات و قوتابخانەیەك لە ناوچەكە دەكاتەوە. پاشان لە ساڵی(1879) بە ئەركی مزگێنیدەریی دەچێتە موسڵ،  ئینجا بۆ وان پاشان بۆ قودس دەگوێزێتەوە. لە ساڵی(1908) جارێكی تر بۆ كڵێسای مار یەعقوب لە(ئەشیتا) لە هەكاری ئینجا بۆ موسڵ دەگوێزریتەوە. لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهانیدا بۆ ئەنقەرە و دواتر بۆ ئەستانەی دووردەخەنەوە. تاكو لە14ی ئاداری1921) لە موسڵ كۆچی دوایی كرد. بڕوانە: رێتۆرێ، ژاك، *2008، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەكانی كەركوك و سلیمانی ساڵی1878* ، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ل11-15.

(8) لیوتینان كۆلۆنێل كینیێ(1782-1830)، لەنێوان ساڵانی(1808-1809)دا لەگەڵ نێردەی جۆن مالكۆڵم هاتبووە ئێران. دواتر ناوبراو گەشتێكی بەناو ئێران و كوردستان و ئاسیای بچووكدا ئەنجامدا. لەساڵی(1824) پۆستێكی بەرزی لە كۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتیی بریتانی وەرگرتووە و لە تاران نیشتەجێ بووە. لەساڵی(1830) لە تەورێز كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: عەبدوڵڵا، نەجاتی، 2009، *بیبلۆگرافیای*

(Macdonald Kinneir)گەڕیدەی بریتانیی کەوا لەساڵی(1810)دا باسی هەولێری کردووە و لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی:" **[هەولێر] بەتەواوەتی پاشەکشێی کردووە لەو بایەخەی کە لە پێشوودا هەیبوو، بۆ شارێکی قوڕینی کوڵۆڵ دابەزیوە...بەشێکی شارەکە لەسەر گردێکی شێوە قووچەکیی بنیات نراوە. پاشماوەکەی تری شارەکە دەوری بنکەی قەڵاکەی داوە"**(Kinneir, 1818: p.300-301). دیارە کینیێ لە تێبینییەکەیدا زۆر ورد نەبووە، چونکە تا دەرەنگانێکی مێژووی شارەکە، خانووەکانی خوار قەڵا تەنیا لەلای باشور و باشوری رۆژئاوادا هەڵکەوتبوون. دوای شەش ساڵ، جێمس بەکنگهام لە نووسینەکانیدا ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خانووی باشی لە خشت دروستکراومان بۆ دەکات لەخوارەوەی قەڵا، کەچی هەر خۆیشی دواتر شارەکە بە**"گوند"** ناودەبات(بکنغهام، 1968: ص126). تەنانەت بۆ ساڵی دواتر(1817)، کاتێك ولیەم هیوود سەردانی هەولێر دەکات، سڵ لەوە ناکاتەوە کە بنووسێ:**"ئەربیل[بەم شێوەیە ناوی هێناوە]، شارێکی ناشیرین و پیس و پۆخڵ"** و بازاڕ و شەقامەکانیشی بەهەمان شێوە وەسف دەکات(نەجاتی عەبدوڵڵا[وەرگێڕ]، 2012: ل60 ، 65). دیارە ئەم جۆرە وەسفەی هیوود بۆ شاری هەولێر، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ناوبراو شاری و هەولێر و خانووەکانیشی لەگەڵ شارەکانی وڵاتەکەی خۆی بەراورد کردبێت، هەروەکو توێژەرێك ئاماژەی بۆ دەکات(هەروتی، 2018، ل8).

هەچی شێلی گەڕیدەی بریتانییە، ئەوا لەساڵی(1836)دا باسی ئەوە دەکات کەوا دەکرێ بگوترێ شارەکە لە دوو بەش، شاری سەروو(ژوورو) و شاری خواروو پێکدێت. لەبارەی خانووەکانی خوار قەڵاوە ئاماژەی بەوە داوە کەوا هیچ خانوویەکی بەرز یان خانوویەکی ناوازەی لێ نییە (Shiel, 1838: p.99). بێ گومان ئەم سەرنجەی دوایی شێل، بە هەمان شێوەی هیوود، پێدەچێت لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ناوبراو لە زەینی خۆیدا خانووەکانی شارەکەی لەگەڵ ئەوانەی وڵاتەکەی خۆیان(بریتانیا)ی بەراورد کردبێت، تەنانەت هەمان سەرنج لەلایەن گەڕیدەیەکی ئەمریکایی هەستی پێ کراوە(Fletcher, 1850: p.220 ).

لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لێکلامای گەڕیدەی هۆڵەندی باسی ئەوەی کردووە بە فرمانی فەرمانڕەوای شارەکە بردوویانەتە خانوویەك، کە هی پیاوێك بەناوی(نادر ئاغا)بووە. ناوبراو لەبارەی خانووەکەوە نووسیویەتی:**"بەڵام خانووەکە پۆخڵ و مایەی قێزلێبوونەوە بوو. بە جۆرێك نەمتوانی بڕیار بدەم لەسەر مانەوەم لێرەدا، ئەوەبوو خانوویەکی تریان بۆ پەیداکردم، کە زۆر ئاسوودەکەر بوو"** (Lycklama, 1874: p.89). هەروەها لێکلاما باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەوا هەولێر وەکو زۆربەی شارە ئاسیاوییەکانی تر لەماوەی لەشکرکێشییەکانی تەیمور لەنگدا دووچاری کاولکاری زۆر هاتووە و ناوبانگییەکەی لەدەستداوە. لەدرێژەی نووسینەکانیدا، لێکلاما جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا **"شاری هەولێر خاوەنی مۆرکێکی ئاشووریی ڕەهایە. ئەم مۆرکەم لەو خانووەدا بینی کەوا بۆم لوا رۆژێك تیایدا بمێنمەوە،کە گۆڕەپانێکی گەورە و هەیوانێکی هەبوو بە دوو ستوونگی گەورەوە"** (Lycklama, 1874: p.96).

---

*کوردناسی/کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل204.

گەڕیدەی بریتانیی گراتان گێری، لەساڵی(1878)دا باسی ئەوە دەكات چۆتە میوانخانەیەك كە زۆر پیس و پۆخڵ بووە. بۆیە ناچار رووی لە خانوویێكی تایبەت كردووە بۆ ئەوەی تاكو بەیانییەكەی تیایدا بحەوێتەوە. ناوبراو ئەم خانووەی دواییش بە خانوویێكی خراپ ناو دەبات، كەوا لە قوڕ دروستكرابووە. ناوبراو بەزمانێكی زبر دەڵێ:**"ئەگەر[خاوەن ماڵەكە]موسڵمان نەبا ئەوا وەكو گەوڕی بەراز بەكاری دەهێنا"** هەروەها ناوبراو درێژە بە نووسینەكەی دەدات و دەنووسێت:**"...شوێنێكی باشتر نەبوو ؟ نەخێر، ئێستا [خەڵكی] شارەكە هەموویان لەناو جێگادان و خەوتوون...بیرم لەوە كردەوە كەوا داریوشی هەژار خانوویەكی باشتری دۆزیبۆوە لەو شەوەی كە رووی تێ كردبوو؟"**(Gerry, 1878: p.32).

هەروەها گەڕیدەی فەرەنسیی ژاك رێتۆرێ لەساڵی(1879)دا دوای ئەوەی ئاماژە بە ئەو بەشەی سەرقەڵای شاری هەولێرمان بۆ دەكات، ئاماژەی بەوە كردووە كەوا دواتر خەڵكی شارەكە **"هاتوون لەبن پاڵی گردەكە خڕبوونەتەوە و ئەوە وای كردووە كە شارە نوێیەكە لە دوو بەش پێك بێ، قەڵا یان بەرزە شار كە بەڕێوەبەر و بنەماڵە كۆنەكانی تێدا دەژین و نزمە شار كە (كورتەك)ی پێدەڵێن و بە شێوەیەكی بنچینەیی بریتین لە بازرگانەكان"**(رێتۆرێ، 2008: ل26). گەڕیدەیەكی تر كە وا پێدەچێت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی ناوچەكەی كردبێت. لە باسی خانووەكانی هەولێردا ئاماژە بەوە دەكات كەوا لەوانەی شاری كەركوك باشتر نین و زۆربەیان خەڵكیان تێدا ناژیت و وێرانن. هەتا كۆڵانەكان تەسك و تاریكن و شۆستەیان نییە، بەم پێیەش هاوینان نیو پێ تۆزی لێ دەنیشێت، لە زستانانیشدا بە قوڵایی زیاتر لە نیو پێ قوڕ دایدەپۆشێت(Locher, 1889: p.376).

شایانی باسە كە هەمان كەموكوڕی لە بەدەستەوەدانی زانیاری لەبارەی ناو و ژمارەی گەڕەكەكانی خوار قەڵا، لای گەڕیدەكانی سەدەی نۆزدە، دەبینرێت. لەكاتێكدا ئەوە زانراوە كە لە كۆنەوە چەند گەڕەكێك بەناوەكانی(خانەقا، عارەبان، تەعجیل)هەبوون، كە ئەوەی دواییان بۆ دوو بەش(تەعجیلی موسڵمانان) و (تەعجیلی جولەكان)دابەش دەبوو، ئەم گەڕەكانەی دواییش وەكو ئەوانەی سەر قەڵا تاكو دەیەی یەكەم و دووەمی سەدەی بیست مابوونەوە(قادر، 2008: ل26). تەنانەت بەڵگەنامە عوسمانییەكانیش لە چلەكانی سەدەی شازدەهەمدا ئاماژەیان بە ناوی حەوت گەڕەكی شاری هەولێر بەناوەكانی(كۆیلی، ملك، كورتاندرووان، غرغانجیلر، زێرنگەران، گۆزەچیان و جولەكان) كردووە(مراد، 2015: ص131_137)، بەڵام وا پێدەچێت ناوی گەڕەكەكان وەكو خۆیان نەمابن، هەروەكو پێشتر ئاماژەمان بە ناوی هەندێكیان كرد. ئەمە جگە لەوەی كە هیچ گەڕیدەیەك لەوانەی زانیاریمان لەبارەیەوە بەدەست كەوتووە، نەپڕژاونەتە سەر ئەوەی ژمارەی خانووەكانی شاری هەولێر بەدەستەوە بدەن. لە كاتێكدا بەپێی ئاناژەی ساڵنەمەی عوسمانی 1308ك/1891ز، لەو كاتەدا (1822)خانوو لە هەولێر هەبووە(هەروتی، 2018: ل8).

سەبارەت بە منارەی چۆلی(موزەفەریە)ی شاری هەولێر، بەكنگهامی گەڕیدەی بریتانی لەساڵی(1816)دا دوای دەرچوونی لە شاری هەولێر، ئاماژە بە منارەكە دەكات و نووسیویەتی:**"كە لە شارەكە دەرچووین و رووومان لە باشوور كرد، منارەیەكی جوانمان بینی كە بە تەریكی و لە ناوەڕاستی كەلاوەكاندا بوو. سەرباری ئەوەش رووكاری دەرەوەی كە بەڕەنگی سەوز داپۆشرابوو تا ئێستاش لە زۆربەی بەشەكانیدا دیارە، لە بەتەمەنیی و**

**شێوازی دروستکردنیدا، وا بەدیار دەکەوێ کەوا هی مزگەوتێکی بەناوبانگ بووبێت"**(بكنغهام، 1968: ص132).

لە(26ی تشرینی یەکەمی 1820)دا، ریچی گەڕیدەش باسی منارەی کردووە و بەدیارترین شتی ناو شاری هەولێری ناوبردووە. ریچ لە وەسفی منارەکەدا نووسیویەتی:**"...منارەکە سەد و بیست پێ بەرزە، لەسەر سەکۆیەکی هەشت گۆشەیی هەڵچنراوە، کە درێژیی هەر گۆشەیەکی 9 پێ ئەبێ و (10گرێ)یە، بەرزاییشی سیی، چل پێ ئەبێ. لەناو چێوەیەکدا دوو پلیکانەی پێچاوپێچ هەن، کە تا ئەگەنە سەر بێڵاکەی سەرەوە، بەیەك ناگەن"**. هەروەها ریچ زانیاری زیاترمان لەبارەی رووخانی بەشێکی بێڵاکە و لوتکەی سەرەوەی منارەکەدا پێ دەدات و ناوبراو پێی وایە کە منارەکە لەسەر شێوەی منارەکەی(تاوق)دروستکرابێت و هی سەردەمی خەلیفەکان یان فەرمانڕەواکانی هەولێر بێت. بە مەزەندەی ریچ کاتی خۆی شاری هەولێر زۆر فراوانتر بووە و وەکو نووسیویەتی:**"رەنگە ئەوەندی بەغدای ئێستا بووبێ"**. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە پاشماوەی زۆری لەلای منارەی چۆلی و دەوروبەرەکەیدا بینی بوو(ریچ، 1992: ل343). هەروەها لە زانیارییەکانی ریچەوە ئەوە بەدیار دەکەوێ کەوا لەو کاتەوەش بەشێك لە ترۆپکی منارەکە رووخابووە. شایانی باسە ئەم زانیارییانەی دوایی ریچ، لەبارەی بەرفراوانی شارەکە لە کۆندا، لەلایەن گەڕیدەیەکی تری بریتانییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە(Ainsworth, 1868: p.507).

لەوانەیە تاکە گەڕیدەیەك کە لە سەدەی نۆزدەدا لەباسی منارەی چۆلیدا ئاماژەی بە شێوازی دروستکردنی پەیژەکانی کردبێ، مونشی بەغدادی بووبێ، کە لەمیانەی گەشتەکەی ریچدا هاوڕێیەتی ناوبراوی کردبوو. بەغدادی لەباسی منارەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە**"...منارەکە دوو پەیژەی هەیە یەکێکیان پێیدا سەردەکەویت، ئەوی دیکەیان بۆ دابەزینە"**(المنشيء البغدادي، 1948، ص85). شایانی باسة پێشتر لەساڵی(1766)دا (کارستن نیبۆر)ی گەڕیدەی دانمارکی بەڕەگەز ئەڵمانی، لەباسی منارەی چۆلیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بەخشتی سوور و قسڵ دروستکراوە و دوو دەروازە و دوو پەیژەی هەیە، کە لە یەك کاتدا دەتوانرێت دوو کەس بۆ سەروەی سەرکەون، بەبێ ئەوەی یەکتری ببینن تاکو دەگەنە ترۆپکی منارەکە(الأمين، 1965: ص90). لەساڵی(1836)یشدا شێلی گەڕیدەی بریتانیی ئاماژەی بە منارەکە داوە کەوا **"بەدوورییەکی کەم لەلای رۆژئاوای شارەکەدا، لە خشت دروستکراوە و بە تەنها لە پێدەشتەکەدا قیت بۆتەوە"**. ناوبراو باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کەوا وا پێدەچێت لە کاتێك لە کاتەکاندا منارەی مزگەوتێك بووبێت Shiel, 1838: p.99). ئەم زانیارییەی دوایی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەو کاتەدا ئاوەدانی لە بەشی رۆژئاوای قەڵادا هەبووە، بەڵام ئاوەدانییەکە نەگەیشتۆتە منارەی چۆلی. لەم رووەوە دەکرێ زانیارییەکانی گەڕیدەیەکی تریش وەکو بەڵگە بهێنینەوە، کاتێك لەساڵی(1851)دا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە منارەکە لە دووری نیو میل لەشارەکە هەڵکەوتووە. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کەوا منارەکە بۆ سەیرکردنی دیمەنە جوانەکانی جەنگە گەورەکان دروستکراوە Missionary Herald, vol: xlvii, 1851: p.188). لەڕاستیدا ئەم گەڕیدەیەی دوایی بەهەڵە سەرنجەکەی خۆی تۆمار کردووە، چونکە بنیاتنانی منارەکان، بەتایبەت ئەوانەی بۆ مزگەوتەکان دروستدەکران یەکێك لە ئامانجەکانی بانگدان بوو لەسەریدا.

شایانی باسە لەساڵی(1842)دا، (فلیچە)ی گەڕیدەی ئەمریکایی لەبارەی منارە و مزگەوتەکەوە نووسیویەتی:" **بورجێکی شکاوەیە و لەو ناوچەیەدا بەدووری چەند میلێك وەکو رووالەتێکی دیار لە دەڤەرەکە هەڵکەوتووە. بورجەکە بە پاشماوەی مزگەوتێکەوەیە، وەکو منارەیەکی بازنەیی وایە، هاوشێوەی ئەوەی موسڵ**". پاشان ناوبراو بەرزی منارەکە بە(120)پێ دەخەملێنێت کەوا بە سێ بازنەی لە ڕەنگی شین دەورە دراوە. ئەمەش، وەکو ئاماژەی پێ دەدات، بۆ مەبەستی بەهێزکردنی ستونگی بڕبڕەی منارەکەیە(Fletcher, p.220 :1850). لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانین ئەوە بڵێین کە منارەی چۆڵی کە پێشتر بە (منارەی موزەفەرییە)ش بەناو بانگ بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی موزەفەرەدین گوگبوری(1154_1233ز) بنیاتنراوە و ئەم ناوەی دواییشی هەر لەناوی ئەوەوە هاتووە. ئەندازیاری بنیاتنانەکەشی ناوی(مسعود مراد)بووە، هەروەکو یەکێك لە سەرچاوە ئەکادیمییەکان ئاماژەی بۆ دەکات(حسین، 2014:ص242)، بەڵام ئەو گەڕیدانەی سەدەی نۆزدەهەم، کە ئێمە زانیاریمان لێ وەرگرتوون، بەم شێوەیە ناویان نەهێناوە.

لەساڵی(1853)دا، هێنری لۆبدێل سەرسامی خۆی لەبەرامبەر منارەکەی هەولێر پیشان دەدات و کە لەسەر بنکەیەکی هەشت پاڵودا بە ماوەی دوورییەك لە رۆژئاوای شارەکە دروستکراوە. ناوبراو منارەکە بە"**پێشکەوتووترین نمونەی ئەندازەیی بیناسازی**" کە خۆی لە رۆژهەڵاتدا بینیبێتی، وەسف دەکات(Tyler, 1859: P.266). دوای چوار ساڵ، گەڕیدەیەکی فڕەنسیی ئاماژەی بەوە داوە کەوا لە دووری(10)دەقیقە لە رۆژئاوای شارەکەدا منارەیەکی تەریك هەیە کەوا پێشتر بەشێك بووە لە مزگەوتێك لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی فارسیی یاخود خەلیفەکانی عەباسیدا، پێشی شەش تا حەفت سەد ساڵێك(Clement, 1866: p.264 ). لە شەستەکانیشدا، لیکلاما باسی منارەی کردووە و بە "**شتێکی سەرنج راکێش**"وەسفی دەکات، کەوا لە دووری شارەکە و لەسەر بنکەیەکی هەشت پاڵوو دروستکراوە و دوو پێپلقەی پێچا و پێچی هەیە(Lycklama, 1874: p.97). دوای خستنەڕووی سەرنجی گەڕیدەکان لەبارەی منارەوە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە منارەی چۆڵی یەکێك بووە لە گرنگترین روالەتەکانی ئاوەدانی شاری هەولێر، کە سەرنجی گەڕیدەکانی بۆ خۆی راکێشابێت.

لەبارەی مزگەوتیشەوە، وەکو روالەتێکی بواری ئاوەدانی شاری هەولێر، ئەوا گەڕیدەکان هەندێ تێبینی و زانیارییان خستۆتە روو. بەکنگهام لە ساڵی(1816)دا ئاماژەی بەوە داوە کەوا دوو مزگەوتی گەورەیان بینیوە کە منارەیان هەبووە. لەبارەی مزگەوت و منارەکەشەوە نووسیویەتی کەوا ئەو منارەیەی لە شارەکە هەیە لەوانەیە رۆژانێك هی مزگەوتێکی بەناوبانگ بووبێت. ئەمە بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی تر لەبارەی مزگەوتەکەوە بخاتە روو(بکنغهام، 1968: ص126_132). دوای چوار ساڵ، ریچ ئاماژە بە پاشماوەی مزگەوتێك لەلای منارەکە دەکات و نووسیویەتی:"**...مزگەوتەکەی رووخاوە و، کەلاوەیە، بنچینەکەشی هەڵتەکێنراوە و، بەرد و خشتەکانی لێ دەرهێنراون**"(ریچ، 1992: ل343). هەرچی شێلی گەڕیدەیە، ئەوا لەساڵی(1836)دا ئاماژە بە بوونی(3)مزگەوتی گەورە لە شاری هەولێر دەکات (Shiel, 1838: p.99 ). شایانی باسە سەرچاوەیەکی تری بریتانیی سەدەی نۆزدە، بەپشت بەستن بە بەرهەم و سەرنجی گەڕیدەکان، ئەمیشیان باس لە بوونی(3) مزگەوت دەکات (Cyprus and Asiatic Turkey, 1878: p.134). دوور نییە ئەو مزگەوتانەی کەوا

شێل باسیان دەكات تەنها ئەوانەی خوار قەڵا بووبن، چونكە زانیاری لەبارەی سەركەوتنی شێل بۆ سەر قەڵا نییە و خۆیشی باسی نەكردووە. وادیارە گەڕیدەكان لە بەدەستەوەدانی ژمارەی مزگەوتەكانیش ورد نەبوونە، یان دواتر مزگەوتی زیاتر دروستكراون، هەروەكو لە ساڵنامەیەكی عوسمانیدا ئاماژە بە هەبوونی(12)مزگەوت كراوە(هەروتی، 2018: ل8)، هەمان ئەم زانیارییەی دوایی لەلایەن سەرچاوەیەكی فەرەنسایی پشتڕاست كراوەتەوە ,Cuinet (1891: p.857).

گەرماوە گشتییەكانی شاری هەولێر، وەكو رواڵەتێكی ئاوەدانی، لەلایەن گەڕیدەكانەوە زانیاری كەمیان لەبارەوە بەدەستەوە دراوە. ریچ لەساڵی(1820)دا ئاماژە بە بوونی تەنها یەك گەرماو دەكات، ئەویشیان لە خوار قەڵادا هەبووە(ریچ، 1992: ل343). هەرچی شێلی گەڕیدەیە، ئەوا ئاماژە بە بوونی دوو گەرماو لە شارەكە دەكات (Shiel, 1838: p.99 ). لە شەستەكانیشدا، لێكلاما ئاماژەی بە بوونی دوو گەرماوی باش لە شارەكە كردووە(Lycklama, 1874: p.97). بەپێی ئاماژەی بەڵگەنامە عوسمانییەكان بێت، كۆنترین گەرماو لە هەولێر، گەرماوەكەی سەر قەڵا بووە، كە مێژووی دروستكردنی بۆ ساڵی(1775) دەگەڕێتەوە. جگە لە چەند گەرماوێكی تر، وەكو(گەرماوی گەورە) و (گەرماوی بچووك) كە لەلایەن بنەماڵەی(حاجی رەشید ئاغای وەیسی ئاغا)دروستكراون. هەروەها گەرماوێكی تریش بەناوی(گەرماوی حاجی قادر دەباغ) لە ساڵی(1896)دا دروستكراوە(مجموعة من اساتذة الجامعة، 2012: ص154).

لەبارەی خان و كاروان سەراكانیشەوە، لە شەستەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا لێكلاما ئاماژە بە بوونی(4)خان یان شوێنی حەوانەوەی كاروانەكان(9)دەكات كە لە ئاوەدانییەكەی خوار قەڵا هەبوون(Lycklama, 1874: p.97). گەڕیدەیەكی تر كەوا لە رۆژی شەممەی (20ی كانونی یەكەمی 1884) سەردانی هەولێری كردبوو، ئاماژە بەوە دەكات كەوا رۆژێكی گەشتەكەیان لە هەولێر لە خانێكدا بەسەر بردبوو(Ward, 1886: p.15_16) . سەرچاوەیەكی فەرەنسیش كە زانیارییەكانی لەبارەی گەشتەكانی سەدەی نۆزدەهەم لەنێوان ساڵانی(1817_1877) خستۆتە روو، ئاماژە بە بوونی كاروانسەرا لە شاری هەولێردا دەكات، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە وەسفی خانەكان بكات، یان ژمارەیان بەدەستەوە بدات(Coste, 1878: p.401). وا پێدەچێت ژمارەی خانەكانی هەولێر لەوە زیاتر بووبن كە گەڕیدەكان ئاماژەیان پێداوە، بۆ نموونە لە یەكێك لە سەرچاوەكاندا ئاماژە بە بوونی(7) خان لە هەولێر كراوە، كە بەر لە سەدەی نۆزدە لە شارەكەدا هەبوون، دووریش نییە تا ئەو سەدەیەش مابووبن. خانەكانیش بریتی بوون لە(خانی سپی، خانی حەسەن بەیرەم، خانی سلێمان خدر، خانی عوسمان كەردز، خانی قۆجە، خانی حاجی سەعید جامباز، خانی حاجی عەلی ئەحمەد ئاغا)(مجموعة من اساتذة الجامعة، 2012: ص135).

---

(9) موژدەدەرێكی ئایینی ئەمریكیی بەناوی جۆن پی. نیومان(John p. Newman)، كە لە شەستەكانی سەدەی نۆزدە سەردانی هەولێری كردبوو، ئاماژە بەوە دەكات كە لەشارەكەدا خانی لێیە و قەرەباڵغن بەو كاروانانەی كە بەو نزیكانە گەیشتبوونە شارەكە. بڕوانە:

John. P. Newman, The Thrones and Palaces of Palaces of Babylon and Nineveh a Thousand Miles on Horseback, New York, 1876, p.229.

لەبارەی وەسفی بازاڕی شاری هەولێردا، بەکنگهامی گەڕیدەی بریتانی لەساڵی(1816)دا سەرنجی خۆی لەبارەی بازاڕی هەولێر پیشان دەدات و لەبارەیەوە نووسیویەتی:"**بازاڕەکان و کۆڵانەکانیان، هەتا لەم ساتە زووەی ڕۆژیشدا پڕیەتی لە**

**خەڵك. ئەو بازاڕانە بنمیچەکانیان لە لق و پۆپی درەخت پێکهاتبوو کە لەسەر ستوونگ بوون**"(بکنغهام، 1968: ص126). بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەست کەوتوون، ئەوە زانراوە کە ئەو بازاڕەی کە لە هەولێردا بە (بازاڕی قەیسەری) ناسراوە لە نێوان ساڵانی(1820-1830)دا لەلایەن دوو کەسایەتی بە ناوەکانی(حاجی قادر دەباغ) و (حاجی حەوێز مامە)دروستکراوە(مجموعة من اساتذة الجامعة، 2012: ص135). کەواتە ئەو کاتەی بەکنگهام سەردانی هەولێری کردبوو، بازاڕەکە بە دیزایینە تازەکەیەوە بونیادنەنرابوو، بەڵکو دوای چوار ساڵ ئینجا دەست بە بونیادنانی کراوە. هەرچی پرسی سەرنجی گەڕیدەکانیشە لەبارەی بنمیچی بازاڕەکەوە، لەماوەکانی دواتریشدا بەهەمان شێوە وەسف کراوە، بۆ نمونە لێکلاما لە شەستەکاندا ئاماژە بە بوونی بازاڕ دەکات و نووسیویەتی:"**زۆر سادەن و بنمیچەکانیان بە لاسکی گەڵای دارخورما داپۆشراوە**"(Lycklama, 1874: p.95). گەڕیدەیەکی تر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی هەولێری کردووە و لەبارەی وەسفی بازاڕەکەیەوە نووسیویەتی:"...**بە حەسیری خراپ سەری گیراوە. شەقامەکانیشی تەسکن و لە بنەڕەتدا بە بەردی بازنەیی گەورە داڕێژراوە، بەڵام بەسەرچوونی ڕۆژگار و فەرامۆشکردنی وایلێکردووە کە ڕێگاکە زۆر مەترسیدار بێت بۆ مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵیش...ڕێڕەوەکان تەسکن...هەوا گۆڕکێی خراپ و تاریك و نزمن. دووکانەکانیش لە بەرد ی داتاشراو و قوڕ و تەختە دروستکراون**"(Locher, 1889: p.376). جێگای سەرنجە کە پێچەوانەی ئەم گەڕیدەیەی دوایی، گەڕیدەی ئەمریکایی(هۆراشیۆ ساوسگێت Horatio Southgate کە لە چلەکانی سەدەی نۆزدە سەردانی هەولێری کردبوو، ئاماژە بە"**دڵڕفێنیی**" شێوازی بنیاتنانەکەی دەکات کەوا بنمیچەکانیان بە لق و پۆپی درەخت داپۆشرابووە و کەشێکی خۆشی بە شوێنەکە دەدا. لە کاتێکدا دیوارەکانیان لە خشت و بەرد دروستکرابوو(Southgate, 1840: p.212 ).

کارێزەکان وەکو سەرچاوەیەکی بەدەستخستنی ئاو، لەلایەن گەڕیدەکانەوە کەمترین زانیارییان لەبارەوە خراوەتە ڕوو. ریچ لەساڵی(1820)دا نووسیویەتی:"...**چادرگاکەمان لای(کەهرێز)، یان جۆگە ئاوێك هەڵدا، هی(حاجی قاسم بەگ)بوو. کەمێك لە دامێنی خۆرئاوای شارەوە بوو**"(ریچ، 1992، ل342). سەرچاوەیەکی تریش لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ئاماژە بەوە دەکات کە ئاوی شارەکە لە ڕێگای کارێز یان کەناڵی ژێر زەوییەوە بەدەست دەهێنرێت(Wilson, 1895: p.305). وادیارە زۆبەی کارێزەکان کەوتبوونە دەرەوەی یان گوندەکانی دەوروبەری شارەکە(10)بۆیە گەڕیدەکانیش ئاماژەیان پێ نەکردووە.

**تەوەری دووەم/ بارودۆخی ئابووری شاری هەولێر:**

بارودۆخی ئابووری شاری هەولێر و سێکتەرەکانی، لە یادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا کەمترین زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە.

---

(10) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کارێزەکان بڕوانە: خليل علي مراد، *المصدر السابق*، ص115-120.

لەبارەی سێکتەری کشتوکاڵەوە، کە لەوانەیە تا ئەو کاتەش پیشەی سەرەکی دانیشتوانی هەولیر بووبێت، یەکەم گەڕیدەیەك کە لەو ماوەیەدا ئاماژەیەکی خێرای بۆ کردبێ گەڕیدەی فڕەنسیی پۆڵ ئانژ لویی دی گاردان(11) (Paul Ange Llouis de Gardanne)ە، کە لەنێوان ساڵانی(1807_1808)دا باسی لەوە کردووە دەشتەکانی هەولێر بەتەواوی چێنرابوون و زەوییەکانیش بە هێستر دەکێڵران(Gardanne, 1809: p.97). دوای نزیکەی دوو ساڵ، کینێی گەڕیدەی بریتانی لەباسی خاك و زەوی و زاری نێوان هەولێر و موسڵدا نووسیویەتی کە **"بەرهەمدارە"**، بەڵام زۆر بەکەمی درەختی لێ رووا‌وە( Kinneir, 1818: p.301).

هەرچی ریچی گەڕیدەیە، کە لە(ئاداری1820)دا سەردانی هەولێری کردبوو، نووسیویەتی:" **...لەوە ئەچوو زەوی هەموو کێڵرابێ و، کشتوکاڵیش چاك بیت و، هەردەو هەڵەتیشی لەو زەوییە کەمتر هەیە، کە لەخوار(ئەربیل)ەوەیە. گوندنشینەکان خەریکی جووتکردن بوون، کە هەر تەنیا رووشاندنێکی کەمی زەوی بوو، گایەکی بچووك و گوێدرێژێکمان دین، گاسنێکیان رائەکێشاو، هەردووکیان بە نیرێکەوە بەسترابوونەوە"**(ریچ ، 1992: ل345). هاوکات لەگەڵ ریچ، مونشی بەغدادی هاوڕێی ریچ لەمیانەی گەشتەکەیدا، باسی ئەوە دەکات کە هەولێر کشتوکاڵی زۆر لێ دەکرێ(12)، بەڵام باغ و بێستانی نییە(المنشيء البغدادی، 1948: ص84). دوای چواردە ساڵ، فرەیزەر(13)ی گەڕیدەی بریتانیی لەسەر زاری پزیشك (رۆس)ەوە کە لەساڵی(1833)دا سەردانی هەولێری کردبوو، لەبارەی هەولێرەوە ئاماژە بەوە دەکات کە دەشت و دۆڵەکانی، لەچاو ئەو هەوڵە زۆرەی کە بۆی تەرخان دەکەن، کەمتر کشتوکاڵی تیدا بەرهەم دێت، بەڵام، **"لە هەمان کاتدا ئازوقە و سامانێکی لەبن نەهاتووە بۆیان لە دار و ئاو و لەوەڕگا"**.(فرەیزەر، 1998، ل28). دیارە ئەو کشتوکاڵەی لەناوچەکەدا کراوە زیاتر (دێمی)بوونە و پشتی بە باران بەستووە، بۆیە بڕی بەرهەمەکەشی لەسەر بڕی باران بارینی ساڵانە دەوەستا. لە سەرچاوەیەکی تری فڕەنسیدا هاتووە کە لە شارەکەدا هەندێ کێڵگە هەن کە هەرمێ، ترێ و شفتی بەرهەم دێنن و بەشێکی دەشتەکەشی بە کشتوکاڵی گەنم و جۆ چێنراوە و ژمارەیەکی زۆر کەم درەختی لێیە Coste,

(11) ناوبراو لەنێوان ساڵانی(1807_1808)دا لەگەڵ نێردە تایبەتییەکەی(ژەنەراڵ گاردان) سەردانی ئێران و ناوچەکەی کردبوو. گەشتنامەکەیلەساڵی(1809)دا لە پاریس بڵاوکردۆتەوە، تیایدا زانیاری لەبارەی باری جیۆسیاسی کوردستان خراوەتە روو. بۆ بڕوانە: نەجاتی عەبدوڵڵا، *بیبلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لەسەرچاوە فڕەنسییەکاندا* ، ل243.

(12) ئەم بۆچوونە پێچەوانەی ئەو زانیاریانەیە کە لە سەرچاوەیەکی ئیتالیدا و مێژووەکەی بۆ دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، باسکراوە. لەم سەرچاوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە شارەکە زۆر دەوڵەمەند نییە. دەشتێکی جوانی هەیە، بەڵام نەچێنراوە. بڕوانە:

Campanile, P. M. Giuseppe, 1818, *Storia Della Regone Del Kurdistan e Delle Sette Di Religione Ivi Esistenti*, Napoli, p.66.

(13) لە ساڵی(1783) لە شاری(ئەنڤرنیس)لە سکۆتلاند لەدایك بووە. رۆژگارێکی زۆری لە تەمەنی خۆی بە گەشت و گەڕان بەسەر بردووە. یەکەم گەشتیشی بۆ هیندستان بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ لەندەن، جارێکی تر بەیاوەری دوو میری ئێرانیی کە دوورخرابوونەوە، خۆی گەیاندەبوو ئەستانە. لە ساڵی(1823) ژنی هێناوە. لە ساڵی(1834)دا لە ئەستانەوە بە کارێکی دیپلۆماسی دەوڵەتی بریتانیا دەستی بەگەشتێك کردووە بۆ تەورێز و دواتر بە چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا. لە ساڵی(1856)کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئاشنا، ئومێد (وەرگێڕ) ، *گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی 1834* ، 1998، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ل3-7.

(1878: p.401). لەساڵی(1830)شدا، هیلێل باسی بەرهەمەکانی شاری هەولێری کردووە، کە بریتی بوونە لە: دانەوێڵە، لۆکە، سەوزەوات، گندۆرە، بەڵام میوەی کەم بووە :1832 , .( Hillelp.61)

لەساڵی(1857)دا کلیمێنتی گەڕیدەی فرەنسیی باسی گەیشتنی خۆی بە دەشتی هەولێر دەکات و نووسیویەتی:**"...بە باشی چێنراوە، بەڵام بێ درەختە، لە ماوەی دوورییەك بۆ ماوەیەکی تر گوندی بچووك هەن کە کوردیان تێدا ئاکنجی بووە و سەرقاڵی کشتوکاڵکردن**" Clement, .(1866: p.263)

شایانی باسە، جەستن پێرکینزی گەڕیدەی ئەمریکایی لەساڵی(1849)، لە باسی دەشتی هەولیردا نووسیویەتی:**"دەشتێکی گەورە و رووتەخت، بەپیتترین لەوانەی لە رۆژهەڵاتدا بینیبێتی"** . هەروەها باسی کێڵگەی دەوڵەمەندی گەنم و جۆ دەکات کە لە هەموو لایەکەوە دەچێنرا (Perkins, 1850: p.150 ). هەروەها لە یەکێك لە ساڵنامە عوسمانییەکاندا باس لە بەناوبانگیی و بەپیتی هەولێر و ناوچەکانی سەربەم شارە کراوە، بە جۆرێك لەگەڵ موسڵدا سەرچاوەی بنەڕەتیی دەستەبەرکردنی ئەو بەهەمە کشتوکاڵییانە بوونە کە ویلایەتی بەغدا پێویستی پێیان بووە. تەنانەت وەکو کۆگای دانەوێڵە بۆ بەغدا وەسفکراون(قادر، 2013: ل283).

لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەڕیدەیەکی تر باسی ئەوەی کردووە کە لە دەرەوەی شارەکەدا دەشتێك هەبووە کەوا کێڵگەی سەوزی لێ بووە و گەنم و گەنمەشامی بەرهەم دەهاتن. هەروەها نیومان باسی ئەوەش دەکات کەوا لەکاتی دەرچوونی لە هەولێر **"لە بەیانییەکەدا بە درێژایی دەشتەکەدا رۆیشتوون کە بە باشیی کێڵدرابوو و بۆ تۆوکردن ئامەدەکرابوو"**( Newman, 1876: p.229 ).

سەبارەت بە سێکتەری بازرگانی، بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان لە هەولێر هەندێ بەرهەم بازرگانییان پێ کراوە. تەنانەت بوونی ژمارەیەك لە کاروانسەرا لە شارەکەدا، وەکو پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەریدا. هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیای هەولێر لەنیوان ناوچەی دەشتایی و ناوچە نزمەکانی میزۆپۆتامیا لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکاندا، ئەمەش بەلای خۆیەوە، رۆڵی هەبووە لە دروست بوونی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان هەولێر و هەندێ شار و ناوچەی تردا وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن (Cuinet, 1891: p.858; Petermann, 1876: p.2 ). ریچ باسی ئەوەمان بۆ دەکات کاتی خۆی کە گەیشتبوونە هەولێر کاروانێکی بازرگانی بینی بوو کە پیاز و تۆو پیازی پێ ببوو و بەرەو بەغدا دەچوو(ریچ، 1992، ل342). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەو کاتەدا هەولێر پەیوەندی بازرگانیی لەگەڵ بەغدا هەبووە.

مونشی بەغدادی لەساڵی(1820)دا ئاماژەی بە جۆرێك لە پەیوەندی بازرگانی لە نێوان ئامێدی و هەولێر داوە. ناوبراو نووسیویەتی**"لە دەوروبەرەکەی[هەولێر]و ئامێدییەوە میوە بۆ شارەکە دێنن"**(المنشيء البغدادي، 1948: ص84). پەیوەندی بازرگانی لەنێوان هەولێر و ئامێدیدا لەلایەن سەرچاوەی تریشەوە ئاماژەی بۆ کراوە. لەم رووەوە سەرچاوەیەکی ئیتاڵی لەباسی ئامێدیدا نووسیویەتی:**"...شارێکی بازرگانییە و بزاڤی هاتووچۆ هەیە و بازرگانان لە**

**کەرکوك و هەولێر و شارە نزیکەکان رووی تێ دەکەن. گەنم و جۆ و سەوزەوات و لۆکە و کەتان دەهێنن و رۆن، برنج، خوری، شەمێ، سێو، گوێز، مێوژ، میوەی وشککراوەی جۆراوجۆر و سەوزەوات و مڵاکی دارین لەگەڵ خۆیان دەبەن** Campanile, 1818: (p.34)". ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی(1834)دا فرەیزەر ئاماژەی بەوە کردووە کە خەڵکی هەولێر کەلوپەل و پێویستی ژیانیان لە هیچ شوێنێکەوە ناهێنن، بەڵکو هەموو شتێك خۆیان بەرهەمی دەهێنن(فرەیزەر، 1998: ل28). دووریش نییە مەبەستی فرەیزەر لەو بەرهەمهێنانەی باسی کردووە، کەلوپەلی دروستکراو بێت، نەوەك بەرهەمی میوە و پێداویستی تر.

گەڕیدەیەکی تر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا لە شاری موسڵەوە رووی کردۆتە هەولێر، باسی ئەوە دەکات کە هەولێر**"کەوتۆتە دەشتێکی بەرفراوان و مەڵبەندی بازرگانی و ئابوورییە"**. هەروەها لەباسی پرۆسەی بازرگانی جولەکەکانی هەولێردا نووسیویەتی کە بە تەواوی ئازادن و جموجۆڵێکی بێ گرێ و گۆڵیان هەیە (Benjamin, 1863: p.117 ).

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەڕیدەیەکی تر، کە لە بەغداوە بەرێگای کەرکوك گەشتێکی بە کوردستاندا ئەنجامدابوو، باسی ئەوە دەکات کە بەر لە گەیشتنیان بە ناو شاری هەولێر، کۆمەڵێك ئەسپ، هێستر، گوێدرێژ، مەڕ و بزن، لەگەڵ وشتری بە کەلوپەل بارکراویان بینی بوو کەوا لەلای دەروازەی باشووری شارەکە دەردەچوون. هەروەها باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە لەو خانەی تییدا گیرسابۆوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپیان بۆ خستبوونە روو تاکو بیانکڕن. تەنانەت باسی ئەوەشی کردووە کە نرخی یەکێك لەو ئەسپانی کە جوان بووە بە(10)هەزار قرشی تورکیی، یاخود(450)دۆلار بووە(Locher, 1889: p.376).

لەساڵی(1857)دا کلیمێنتی گەڕیدەی فرەنسیی باسی ئەوەی کردووە کەوا بەشێوەیەکی گشتی بازرگانیی شارەکە تا رادەیەك چالاکە، هەروەکو ناوبراو نووسیویەتی کە هۆکاری ئەم جموجۆڵی و چالاکییە بریتییە لەوەی کاروانە بازرگانییەکان کە بۆ ئەستنانە یان بەغدا دەچن و دێنەوە، یان بۆ رەواندز دەچن، بە هەولێردا تێپەڕ دەبن (Clement, 1866: p.264). لە شەستەکانیشدا، نیومان باسی ئەوەی کردووە کە**"...خانەکان بەو کاروانانە قەرەباڵغن کا تازە گەیشتوون"**. هەروەها ناوبراو لەو شەوەی لە خانێکی شارەکەدا مابۆوە، چاوی بە ژمارەیەك بازرگانی عارەب کەوتبوو، هەروەکو نووسیویەتی:**"...مانگ پڕ بوو و هەوا سارد بوو، بازرگانە عارەب و حەجاجە فارسەکان، لە هەموو تەمەنیکدا، لە دەوری ئاگری تەباخەکەمان کۆ ببوونەوە**(Newman, 1876: p.228-229 "). لەمانەی رابردوو ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە جۆرێك لە جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان هەولێر و شارەکانی تری کوردستان و ناوچەکەدا هەبووە. خان و کاروانسەراکانیش لەو بەشەی شارەکەی خوار قەڵا هەبوون، هەوەکو گەڕیدەیەکی تر نووسیویەتی:**"...قەڵا یان بەرزەشار کە بەڕێوەبەر و بنەماڵە کۆنەکانی تێدا دەژین و نزمە شار کە(کورتەك)ی پێ دەڵێن بەشێوەیەکی بنچینەیی بریتین لە بازرگانەکان"**(رێتۆرێ، 2008: ل26). لەم رووەوە لێکلامای گەڕیدەی فرەنسیی بەهەمان شێوە باسی ئەوەی کردووە کەوا لەو بەشەی شارەکەی خوار قەڵادا چوارشوێنی کاروانەکان یاخود خان، بۆ لەخۆگرتنی ئەوانەی بە ژمارەیەکی زۆر لە رێگای بەغداوە بۆ موسڵ و حەلەب دەڕۆیشتن، هەبوون(Lycklama, 1874: p.95).

سەبارەت بە سێکتەری پیشەگەری لە شاری هەولێردا، کەمترین زانیاری لای گەڕیدەکان بەدەست کەوتووە. یەکێك لەو گەڕیدە فڕەنسییانەی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتۆتە میزۆپۆتامیا، لە باسی سیکتەری پیشەگەری شارەکەدا نووسیویەتی کەوا ژمارەیەکی زۆر لە دروستکراوی لۆکەیی و خوریی لە شارەکەدا هەیە(Rousseau, 1809: p.86). سەرچاوەیەکی تر باس لە بوونی ژمارەیەکی کەم لە زێڕنگەر لە شارەکە دەکات، بەڵام وەکوئاماژەی پێداوە کە**"ڕاستگۆ نین"**. هەروەها لیرەدا ئاماژە بە بوونی ئاشێکی ئاو کراوە کە بەهۆی بوونی سەرچاوەیەکی ئاوی لە ناوەڕاستی شارەکەدا، کاردەکات Campanile, 1818: p.66).

لە ڕاپۆرتی چەند گەڕیدەیەکی ئەڵمانیدا کە لەنێوان ساڵانی(1875_1876)دا ئامادە کراوە، باس لە بوونی بەرهەمەکانی خوری و پیستەسازی و چەکی ناوخۆیی ئاگردار کراوە، کە لە هەولێردا بەرهەم هاتوون(Petermann, 1876: p.2).

**تەوەری سێیەم/ بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری هەولێر:**

لەبارەی ژماری دانیشتوانی شاری هەولێر و پێکهاتەی ئەتنیکی و ئاینییانەوە زانیاری باش هەیە. سەرچاوەیەکی فڕەنسیی کە سەرچاوەی زانیارییەکانی یادداشت و نووسینی گەڕیدەکانە، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا وا هاتووە:**"ئەمڕۆ لە هەولێردا تەنها دوو هەزار کەس هەن، نزیکەی هەموویان لە کورد یان کلدانین** (Hoefer, p.340). دوور نییە کە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوەی دوایی گەشتنامەکەی ئۆلیڤیی گەڕیدەی فڕەنسایی بێت کە لە(نیسانی1794)دا سەردانی هەولێری کردبوو(اولیفییە، 1988: ص65). لەڕاستیدا ئەم زانیارییە ورد نییە و بگرە زۆریش لە ڕاستییەوە دوورە، تەنانەت هیچ سەرچاوەیەکی تری ئەو کاتە ئاماژە بەوە ناکات کە هەولێر تەنها لە کورد و کلدانی پێکهاتبێت.

دۆپرێی فڕەنسی لەساڵی(1807)دا ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی بە(3) بۆ (4)هەزار خەمڵاندووە. ناوبراو نووسیویەتی:**"دانیشتوانی هەولێر کوردن و لە خێڵی باجەلانین"** (بطرس حداد[المترجم]، 2011، ص82). لەساڵی(1810)شدا، کینێ باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەی دانیشتوانی هەولێر لە(3)هەزار کەس تێپەڕ ناکات، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پێکهاتەی ئەتنیکی و ئایینیی دانیشتوانەکە بکات(Kinneir, 1818: p.300-301). دوای نۆ ساڵان، بەکنگهام نووسیویەتی کە بۆیان باسکردووە ژمارەی دانیشتوانی هەولێر(10)هەزار کەسە، بەڵام، وەکو خۆی باسی دەکات، دەڵێ لەوانەیە هەر نیوەی ئەو ژمارەیە بێت. ناوبراو تەنها ئاماژەی بەوە داوە کە زۆربەی دانیشتوانی هەولێر موسڵمانن(بکنغهام، 1968: ص126). ئەو گەڕیدانەی دوایی وردەکارییان لەبارەی چۆنیەتی دابەشبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەولێر لەهەریەك لە بەشەکەی سەر قەڵا و بەشەکەی تری خوار قەڵا بەدەستەوە نەداوە، لەکاتێکدا لە سەرچاوەیەکی ئیتالیدا، کەوا مێژووەکەی بۆ دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، ژمارەی دانیشتوانی سەر قەڵا بە(5)هەزار و ئەوانەی خوار قەڵاش بە(15)هەزار خەمڵاندووە (Campanile, 1818: p.66). پێمان وایە ئەم زانیارییەش ورد نییە و زیادەڕۆیی زۆری تێدایە.

هەرچی ریچە لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە دانیشتوانی هەولێر لە کورد و عەرەب پێکهاتوون(ریچ، 1992: ل342). کەچی دێڤید هیلێل لەساڵی(1830)دا تەنها باسی ئەوەی کردووە کە لە هەولێردا (200)خێزانی جولەکە دەژین(Hillel , 1832: p.62 ). دیارە هیلێل بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری مزگێنیدەریی لەنێوان جولەکەکاندا سەردانی هەولێری کردبوو، بۆیە تەنها ئاماژەی بە ژمارەی جولەکەکان داوە، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەك لەبارەی پێکهاتەکانی تری دانیشتوانی شارەکە بەدەستەوە بدات.

لەساڵی(1836)یشدا، شێل ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی بە(6)هەزار کەس داناوە Shiel, (1838: p.99). لە سەرچاوەیەکی ئەڵمانیدا هەمان ئەو زانیارییەی شێل جەختی لەسەر کراوەتەوە(Ritter, 1840: p.692 ) هەرچی پۆژۆلا(14)ی گەڕیدەی فەرەنسییە، لەساڵی(1837)دا ژمارەی دانیشتوانی هەولێر بە(4)هەزار کەس داناوە(عەبدوڵلا[وەرگێڕ]، 2009، ل31). ئەم جیاوازییەی لە ژمارەی دانیشتوانی هەولیردا بەدی دەکرێ، لە نێوان ئەو دوو ساڵەی کە شێل و پۆژۆلا ئاماژەیان پێداوە، رەنگە لەلایەکەوە پەیوەندی هەبێ بە نەبوونی وردەکاری لە سەرنجەکانیاندا، چونکە بەم پێیە بێ (3/1) کەمبۆتەوە، یانیش، وەکو سەرچاوەکان باسی دەکەن، هۆکارەکەی بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی بووبێ کە هەندێ جار لە ناوچەکە بڵاودەبۆوە و هەولێریشی دەگرتەوە(هەروتی، 2018: ل10).

موژدەدەرێکی بریتانیی بەناوی پی. هێنری ستیرن(P. Henry Stern) کە سەر بە (کۆمەڵەی لەندەن بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت لە نێوان جوەکان= The London Society for Promoting Christianity Among the Jews)بووە، لە کۆتاییەکانی (نیسانی 1848)دا و بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لەنێوان جولەکەکاندا سەردانی هەولێری کردبوو، ئاماژە بە بوونی(180)خێزانی جولەکە لە هەولێر دەکات. هەروەها ناوبراو ئاماژە بە بوونی ژمارەیەك لە جولەکەی تر دەکات کەوا لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێردا نیشتەجێ بوونە، بەڵام وەکو خۆی باسی دەکات، بەهۆی خراپی باری تەندروستی هاوڕێیەکییەوە نەیتوانیوە چاوی پێیان بکەوێت Jewish Intelligence"Magazine", (vol:xiv, 1848: p.298). شایانی باسە لە چلەکانی سەدەی نۆزدەدا هۆراشۆ ساوسگەیت ژمارەی ماڵەکانی هەولێری بە(1500)ماڵ داناوە، بەجۆرێك کە (500)ماڵیان لەسەر قەڵا و (1000)یشیان لە خوار قەڵا بوونە. هەروەها باس لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جولەکە لەشارەکە دەکات، بەڵام، وەکو ناوبراو ئاماژەی بۆ دەکات، لەو کاتەدا هیچ مەسیحییەکی لێ نەبووە .(Southgate, 1840: P.212)

هەندێ جار گەڕیدەکان خۆیان بەدوور گرتووە لە بەدەستەوەدانی ژمارەی دانیشتوانەکە، بۆ نمونە کلیمێنتی گەڕیدەی فەرەنسیی لەساڵی(1856)دا ژمارەی ماڵەکانی سەر قەڵای

(14)ژان باتیسان فرانسوا پوژولا ، گەڕیدە و مێژوونووسێکی فەرەنسییە، لە ساڵی(1809) لە فەرەنسا لەدایك بووە. لەنێوان ساڵانی(1836-1837) گەشتێکی بە ناوچەکانی ئاسیای بچووك و میزۆپۆتامیا و سوریای رۆژهەڵاتدا ئەنجامداوە. ناوبراو ئاگاداری ئەو رووداو و پەرەسەندنانە بووە کە لە ماوەی لەشکرکێشییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر کوردستان هاتبوونەتە ئاراوە. لە ساڵی(1864)کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵلا، نەجاتی (وەرگێر) ، 2009، *گەشتنامەی پۆژۆلا بۆ کوردستان ساڵی 1837* ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر، ل21-24.

بە(400)ماڵ و ئەوانەی خوار قەڵاتیشی بە(1200)ماڵ داناوە. هەروەها ناوبراو نووسیویەتی:**"... دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیە[سەر قەڵا و خوار قەڵا] نیوەیان کوردن و نیوەشیان عارەبن، ژمارەشیان هەشت بۆ نۆ هەزار کەس دەبێت"** Clement, 1866: (p.264). ئەم زانیارییەی دواییش بنەمایەکی دروستی نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەر دەستدا نییە تا بیسەلمێنێ کە ڕۆژانێك نیوەی دانیشتوانی هەولێر عارەب بووبن. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕایەمان، ئاماژە بەو زانیارییە دەکەین کە لەلایەن دوو گەڕیدەی ترەوە بەدەستەوە دراوە. یەکەمیان هێنری لۆبدێلە کە پێشتر ئاماژەمان پێ دابوو، ناوبراو لە ساڵی(1853)دا کە سەردانی هەولێری کردووە، نووسیویەتی:**"...شوێنەکە[هەولێر] بە دەمارگیرییەکی ئیسلامییانە بەناوبانگە. هیچ خێزانیکی مەسیحیی لێرە نیشتەجێ نییە. توانرا ژمارەیەکی کەم لە جولەکە بدۆزینەوە. بەڵام نزیکەی هەموو خەڵکەکەی کوردن، ئەوانەی کەوا لەوانەیە ژمارەیان دە بۆ پازدە هەزار کەس بێت"**(Tyler, 1859: P.266). نزیکەی هەر لەو ماوەیەدا گەڕیدەیەکی تر باس لە بوونی (150)خێزانی جولەکە لە خوار قەڵا دەکات کە لە لایەن مالمێکەوە سەرپەرشتی کراون ناوی(مەردخای)بووی Benjamin, 1863: (p.117). لەساڵی(1854)یشدا گەڕیدەیەکی فرەنسیی بەڕاشکاوانە نووسیویەتی:**"...شارۆچکە نزمەکە[خوار قەڵا] زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام لە قەڵادا زۆرینەیان بەرپرسانی تورکن"**(Oppert, 1863: p.281).

ئەدۆڵفۆ ریڤادینێرا لە(تەموزی1869)**دا** باسی ئەوەی کردووە کە لەشارەکەدا(900)خێزان هەیە، لەم ڕووەوە بەپێی خەمڵاندنێکی مامناوەندی بێت، وەکو خۆی باسی دەکات، ئەگەر هەر خێزانێك لە پیاوێك و دوو ژن و دوو منداڵ پێك هاتبێ، ئەوا شارەکە دەوروبەری (4000)کەسی تێدا نیشتە جێیە(ریڤادینێرا، 2009: ص100). شایانی باسە کە لیکلامای گەڕیدەی فرەنسیی، ئەمەشیان لە شەستەکاندا سەردانی هەولێری کردبوو و ژمارەی دانیشتوانەکەشی بە(4)هەزار کەس داناوە. ناوبراو ئەوەشی باسکردووە کە نزیکەی هەموویان موسڵمانن و دەوروبەری (200)جولەکەش لەوێ هەیە(Lycklama, 1874: p.95). ئەمە لەکاتێکدا کە هەر لە شەستەکاندا نیومان باسی ئەوەی کردووە کە لەسەر زاری یەکێك لە پاسەوانانی (خان)ێکی هەولێردا کە**"عارەبێکی بەتەمەنی ژیر بووە، لەوە دڵنیا بووە کە دە بۆ بیست هەزار کەس لە هەولێر ژیاون لە موسڵمان و جولەکە و مەسیحی پێکهاتوون. بەڵام تەنها موسڵمانان بۆیان هەبووە لەسەر قەڵا نیشتەجێ بن"** Newman, 1876: p.229-(230). لەساڵی(1878)یشدا، گراتان گێری ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی بە(12)هەزار کەس داناوە. ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە لە شارەکەدا هەبوونە(Gerry, 1878: p.32).

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لۆچەر(Locher)لەباسی پێکهاتەی دانیشتوانی شاری هەولێردا، بەتایبەت لەو قاوەخانەیەی سەردانی کردبوو، وێنایەکی جوانمان نیشان دەدات و نووسیویەتی:**"لێرەدا دەبینی ملێۆنێر و سواڵکەر، جولەکە و مەسیحی، موسڵمان و بت پەرست، قەشە، بازرگانی کۆیلە، ژەنەراڵ و سەربازی تایبەت، سەروەر و کۆیلە، دەریاوانی عەرەبی، دراو گۆڕ، سەرتاش، بازرگان، نووسەر، خەساو(یەختە)، بازرگانی ئەسپ و چەتەکانی ئەسپ، قەرزدەر و قەرزار، زێرنگەر و پۆلیس و پاسەوانانی چەك و ئەفسەران،**

**هەموو ئەو کەسانە قاوە نۆش دەکەن، لەگەڵ کێشانی جگەرە و بیرکردنەوە، یاخود قسەکردن لەبارەی کاروباری دراوسێکانیان"**(Locher, 1889: p.376). ئەوەی لۆچەر باسی کردووە ئاماژەیە بۆ ئەو باری پیکەوە ژیان و گونجانەی کەوا هەر لە کۆنەوە لە نێو دانیشتوانی شاری هەولێردا هەبووە.

یەکێك لەو نەریتانەی کەوا گەڕیدەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، بریتییە لە بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە قاوەخانەکان لەلایەن خەڵکی هەولێرەوە. لۆچەر بێجگە لە نیشاندانی ئەو دیمەنەی لەسەرەوە ئاماژمان پێدا، باسی ئەوەشی کردووە کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا بە مەبەستی کڕینی ئەسپ چۆتە قاوەخانەیەك و لەم بارەوە نووسیویەتی: **"قاوەخانەکان لە بەرەبەیانەوە تاکو درەنگانی شەو رۆشن و ئاوەدانن...هەندێکیان[لە خەڵکەکان]بە هێمنی و دوور لە ئەوانی تر نێرگەلە دەکێشن و هەندێکی تر قاوەی گەرم نۆش دەکەن و هەندێکی تریشیان بە بەرزی گفت و گۆ لەگەڵ یەکتری ئەنجام دەدەن. زۆرێك لەوان ماوەی چەند کاتژمێرێك، نەخێر، چەند رۆژێك، [ لە قاوەخانە]بەسەر دەبەن"**(Locher, 1889: p.378).

لەساڵی(1869)دا، ئەدۆڵفۆ ریڤادانیرای گەڕیدەی ئیسپانی، باسی ئەوەی کردووە کە شەوێکیان لەماڵی ئامۆزای رێبەرەکەیدا مابۆوە، ناوبراو نووسیویەتی:**"...ئەم ماڵە کاولە، هەموو جۆرێکی ئاژەڵی ماڵی بەخێودەکەن، لەگەڵ بوونی هۆدەیەك لە تەختە و راخەر، کە لە هەمان کاتدا وەکو ژووری دانیشتنیش بەکاردەهات. ناندین، ژووری نووستن و هتد. لێرەدا خێزان پێکدێت لە:مێرد و ژنەکەی، پێنج کوڕ و سێ کچ، ئەمە جگە لە چەند خزمێك و هاوڕێیەکیان، ئەوانەی کەوا لەگەڵیاندا بە کێشانی جگەرە کات بەسەر دەبەن"** (ریڤادینێرا، 2009: ص100). ریڤادینێرا باسی ئەوەشی کردووە کەوا لەو شەوەی کە لە ماڵەکە مابۆوە بەهۆی قسەکردن بە دەنگی بەرزەوە بەباشی خەوی لێ نەکەوتووە. ناوبراو نووسیویەتی:**"ئەو دەنگە[بەرزەی]کە ئەوان دەریان دەبڕی بەس بوو بۆ ئەوەی مردوویێك بەئاگا بێنیتەوە"**. هەر لەو شەوەشدا، وەکو ناوبراو باسی دەکات، هاوسەری خاوەن ماڵەکە منداڵی بووە، بەڵام پیاوەکە غەمبار بووە، بەهۆی ئەوەی کچێکیان بووە (ریڤادینێرا، 2009: ص100_101). لێرەدا ریڤادینیرا لۆژیکانە ئەم دیمەنەی خستۆتە روو، چونکە ئەو کاتە و دواتریش خەڵکانێك هەبوونە بە لەدایکبوونی کچ نیگەران و خەفەتبار دەبوون.

لەبارەی زمانی قسەکردنی دانیشتوانی هەولێر، دیارە ئەم لایەنەشیان قسەی جیاوازی لەبارەوە گوتراوە. لەساڵی(1820)دا مونشی بەغدادی، کە هاوڕێیەتی ریچی کردبوو لەماوەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، باسی ئەوەی کردووە کە دانیشتوانی هەولێر بە زمانی تورکی و کوردی قسە دەکەن(المحامي[المترجم]، 1948، ص84). کەچی دوای دە ساڵ، رابیی دێڤید هیلێل باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە زمانی دانیشتوانی هەولێر و داب و نەریتەکەشیان وەکو هی موسڵە، بەبێ ئەوەدروونی بکاتەوە کەوا بە چ زمانێك قسە دەکەن( Hillel, 1832: p.61 ). لێرەدا هیلێل ئەوەی روون نەکردۆتەوە کە ئەو داب و نەریتانە چین کە خەڵکی هەولێر وەکو خەڵکی موسڵ پابەندی بوونە، هەمان شتیش سەبارەت بە زمانی قسەکردنیان. بەڵام لەمەی دواییدا رەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ کە هەم زمانی کوردی، هەمیش زمانی عارەبی بەکارهاتووە. ئەمە جگە لەوەی کە زمانی تورکیش لەپاڵ زمانی کوردیدا لە ناو شارەکە قسەی پێ کراوە، هەروەکو گەڕیدەکانیش ئاماژەیان بۆ کردووە.

لەساڵی(1878)دا گراتان گێری باسی ئەوەی کردووە کە دانیشتوانی شارەکە بە زمانی عارەبی قسە دەکەن (Gerry, 1878: p.35). ئەم زانیارییەی گێری لەگەڵ زانیاری و سەرچاوەکانی تردا یەك ناگرێتەوە، چونکە هیچ لەسەرچاوەکانی تری ئەو ماوەیە ئاماژە بەوە ناکەن کە خەڵکی هەولێر تەنها بە زمانی عارەبی قسەیان کردبێت. دووریش نییە مامەڵەی ناوبراو لەگەڵ کەسانێکی شارەکە بووبێت کە زمانی عارەبییان زانیبێت و لەگەڵ رێبەرەکەیدا بە عارەبی قسەیان کردبێت.

سەبارەت بە بارودۆخی تەندروستی لە شاری هەولێر، دیسان کەمترین زانیاری لەبارەوە بەردەست دەکەوێت. لەساڵی(1817)دا لەو شەوەی ولیەم هیود لە هەولێرمابۆوە، دوای ئەوەی خەڵکەکە زانیبوویان ئەو کەسێکی ئەوروپاییە، گەلەکۆمەیان لێکربوو. هیود نووسیویەتی: " **...هەر دەم و دەست هەرچی نەخۆش و پەککەوتەکانی شارەکە بوو هوروژمیان بۆ هێنام کە لایان وابوو من چاکیان دەکەمەوە و شاشبوون و باوەڕیان پێم نەکرد کە من ئاماژەم بۆ شمشیر و دەمانچەکەم کرد کە پیشەی من کوشتنە نەك چاککردنەوە"**. تەنانەت ناوبراو باسی ئەوە دەکات لەنێو خەڵکەکەدا کەسێکی بەرپرس هەبوو وای لێ کردبوو رۆلی**"بەزۆر کراو بە دکتۆر"**ببینێت، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ**"...ئامۆژگاریم کرد تا سەفەری بەغدا بکات بۆ عەمەلیاتێك کە دەمزانی نەخۆشییەکەی پێویستیەتی و بۆ ئەوەی خۆم لەدەست ئیلحاحکردنی رزگار بکەم ژەمێك لەو دەرمانانەی کە پێم بوو دامێ"**(نەجاتی عەبدوڵڵا(وەرگێڕ)، 2012: ل62_63). قسەکانی هیود لەلایەکەوە ئاماژەن بۆ دواکەوتوویی بارودۆخی تەندروستی لەشارەکەدا، لەلایەکی تریشەوە ئاماژەن بۆ دواکەوتوویی ئاستی رۆشنبیری خەڵکەکە بەشێوەیەکی گشتی.

لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لیکلامای گەڕیدەی فەرەنسیی، باسی ئەوەی کردووە کە **"پزیشکێکی ئیتاڵی بەناوی(جیوڤانی) وەکو تاکە ئەوروپاییەکی نیشتەجێی شارەکە، کاری پزیشکێتی دەکات"**، هەروەها نووسیویەتی:**" [جیوڤانی] دیپلۆمی هەبێت یان نا، ئەوا لەگەڵ کەسە ئەزموونداره میللییەکان بەراورد ناکرێت"**(Lycklama, 1874: p.95).لە ڕاستیدا شێوازی ژیان و هەندێ لە داب و نەریتە باوەکان لە نێوان دانیشتوانی شارەکەدا، لەوانەیە هۆکارێك بووبن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا لەشارەکەدا. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ جار پەتای تاعون و کۆلێرا لەناوچەکانی تری دەوروبەری شارەکەدا بڵاوبۆتەوە و دواتریش بەشارەکەدا تەشەنەی کردووە، ئەمەش پرسێکە و راپۆرت و سەرچاوە ئەوروپایەکانیش ئاماژەیان پێ کردووە. بۆ نمونە، لە راپۆرتێکی پزیشکی باڵیۆزخانەی بریتانیا لە ئەستانە، باسی بڵاو بوونەوەی کۆلێرای لە سوریا و میزۆپۆتامیا لە نێوان ساڵانی(1889-1891)کردووە. لە کوردستانیشدا پەتای کۆلێراکە بڵاوبۆتەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی (1889) گەیشتبووە هەولێر، بەجۆرێك لەماوەی یازدە رۆژدا(115) کەس لە هەولێر بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەست دابوو. تەنانەت بەهۆی بەقاڵێکەوە بەناوی(حەمە ئەمین) کە لەهەولێردا تووشی پەتاکە ببوو و سەردانی رەواندزی کردبوو، لەوێشدا کۆلێرا بڵاوبۆوە(Dikson, 1894: P.143 )، بەڵام لە نێوان ئەو گەڕیدانەی کە سوودمان لە یادداشتەکانیان بینیوە، نەپرژاونەتە سەر ئەم لایەنە، مەگەر بە دەگمەن نەبێ.

**ئەنجامەکان**

1_ هەرچەندە یادداشتی گەڕیدەکان و ئەو زانیارییانەی لە بەرهەماکانیاندا خستوویانەت روو، دەکرێ وەکو کەرەستەیەکی بابەتی توێژینەوە سوودی لێ ببینرێت، بەڵام پێویستییان بە پشتڕاستکردنەوە و هەڵوەستە لەسەر کرن هەیە، چونکە بەشێکی تیبینی و سەرنجەکانیان وردد نین و پێویستییان بە راستکردنەوە هەیە.

2_پەپێی ئەو زانیارییانەی کەوا گەڕیدەکان خستوویانەتە روو، لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەولێر شارێکی هێندە ئاوەدان نەبووە، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تری ناوچەکە. ئەمەش زۆر جار لەلایەن گەڕیدەکانەوە و لە بۆنەی جیاوازدا تێبینی کراوە. کەچی بوونی قەڵا و منارەی چۆلی لە شارەکەدا رۆلی گرنگی هەبووە لە راکێشانی سەرنجی گەڕیدەکان بۆ شاری هەولێر.

3_لە بەدەستەوەدانی ژمارەی خانوو و بازاڕ و خان و مزگەوت و گەرماوەکانی هەولێردا، ژمارەی جیاواز دەبینرێت، ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندی بە ماوەی مانەی گەڕیدەکان لەلایەك و ئامانجی سەردانیکردنیان بۆ شارەکە، لەلایەکی ترەوە، هەیە. واتا رەنگە ئامانجی گەڕیدەکان هەموو کاتێ کۆکردنەوەی زانیاری نەبووبێ لەبارەی هەلومەرجە جۆربەجۆرەکان وەکو بواری رۆشنبیری و تەندروستی،وەك نموونە.

4_لەگەڵ بچووکی شارەکەشدا، کەچی بازاڕەکانی شارەکە لە ئاستێکی مامناوەندی بوونە، دیارە هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە لەنێوان ناوچە شاخاوییەکان و ناوچە پێدەشتەکاندا بەلای خۆیەوە رۆلی هەبووە لەوەی بازاڕەکان جموجۆڵیان تێدابێ و هەمیش پرۆسەی ئالوگۆڕی شمەك و کەل و پەلیش تا رادایەك لە چالاکیدابێت.

5_ پێکهاتەی دانیشتوانی شاری هەولیر، چ لە رووی پێکهاتەی ئەتنیکی بێت یان پێکهاتەی ئایینی بێت، جۆراوجۆر بووە، بۆ نموونە: کورد، تورکمان، عارەب، وەکو پێکهاتەی نەتەوەیی لە شارەکەدا هەبوون. بێ گومان زۆرینەی خەڵکەکە موسڵمان بوونە و ژمارەیەك خێزانی جولەکەش لە شارەکەدا هەبوونە. بەڵام وەکو بەدیار دەکەوێ لەو کاتەدا کرستیانەکان لەناو هەولێر نەبوون.

6_رەوشی تەندروستی لە شارەکەدا لە بارێکی باش نەبووە، هەرچەندە کەمترین زانیاری لەلایەن گەڕیدەکانەوە بەدەستەوە دراوە، بەڵام بە پشت بەستن بە سەرچاوە فەرمییەکان، ئەم بۆچوونەمان لەلا گەڵاڵە دەبێ، چونکە گەڕیدەکان نەپرژاونەتە سەر ئەوەی بەوردی تیشك بخەنە سەر ئەم لایەنە، هەمان شتیش سەبارەت بە باری رۆشنبیری و خوێندەواری هەر راستە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:**


-مراد، د.خليل علي، 2015، *دفتر تحرير مفصل وإجمال ولاية اربيل، 949ه/1542م*، مطبعة حاج هاشم، اربيل.

**دووەم/گەشتنامەکان:**

**أ_بەزمانی کوردی:**

-ئاشنا، ئومێد (وەرگێڕ) ، 1998، *گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا ساڵی 1834* ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی.

- رێتۆرێ، ژاك، 2008، *گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلیمانی ساڵی1878* ، وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

-ریچ، کلودیوس جەیمس، 2012، *گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820* ، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك.

-عەبدوڵڵا، نەجاتی(وەرگێڕ) ،2015، *سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی1817* ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، د.نەجاتی(وەرگێڕ) ، 2009، *گەشتنامەی پۆژۆلا بۆ کوردستان ساڵی 1837* ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
**ب-بەزمانی عارەبی:**
-الأمين، محمود حسين(المترجم)، 1968، *رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر*، بغداد.
_اوليفييه، 1988، *رحلة اوليفييه الى العراق1794-1796*، 1988، ترجمة:يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.
-بكنغهام، جمس، 1969، *رحلتي الى العراق سنة 1816*، ترجمة:سليم طه التكريتي، مطبعة اسعد، بغداد.
-ريفادينيرا، ادولفو، 2009، *من سيلان الى دمشق* ، ترجمة: صالح علماني ، الطبعة الاولى ، دار االمدى للثقافة و النشر ، بيروت.
-حداد، بطرس(المترجم) ، 2011، *رحلة دوبريه الى العراق(1807-1808م)* ، بيت الوراق للطباعة و النشر ، بغداد.
-المحامي، عباس العزاوي(المترجم) ، *رحلة المنشيء البغدادي* ، شركة التجارة و الطباعة المحدودة ، بغداد.
**ج-بەزمانی ئینگلیزی:**

- Geary, Grattan, 1878, *Through Asiatic Turkey. Narrative of a Journey from Bombay to the Bosphorus*,Vol. II, Gilbest and Rivington, London.
- Southgate, Horatio, 1840, *Narrative of a tour through Armenia Kurdistan, Persia, and Mesopotamia*, vol.II, brand bury and Evans, London.
- Rassam, Hormuzd, 1897, *Asshur and the land of Nimrod , Eaton and Mains* , New York.
- Benjamin, J. J., 1863, *Eight Years in Asia And Africa from 1846-1855*,Hanover.
- Fletcher, J. P., 1850, *Notes from Nineveh and Travels in Mesopotamia, and Assyria*, and Syria, Philadelphia.
-kinneir, John Macdonald, 1813, *A Geographical Memoir of the Persian Empire, Accompanied by a Map* ,John Murray , London.
-Newman John. P, 1876, *The Thrones and Palaces of Palaces of Babylon and Nineveh a Thousand Miles on Horseback*, New York.
-Locher, A., 1889, *With Star and Crescent, Aetna Publishing Company*, Philadelphia.
- Hillel, Rabbi David D' Betii, 1832, *The Travels of Rabbi David D' Betii Hillel, from Jerusalem, Through Arabia, Koordistan, Part of Persia, And India, To Madras*, Madras.
- Ward, William Hayes, 1886, *Report on the Wolfe Expedition to Babylonia 1884-1885*, London.
- Ainsowrth, William, 1868, *Report of a Journey from Bagdad to Constantinople via Kurdistan (1837)* , In: Francis Rawdon --_Chesney, Narrative of the Euphrates Expedition carried on by order of the British Government During the years 1835, 1836, and 1837, Spotts Wood and Co., London.
-Tyler W. S., , without date, *Memoir of Rev.Henry Lobdell, Late Missionary of the American Board at Mosul*, Boston.
**د-بەزمانی فڕەنسی:**
- Nijeholt, Chevalier Lycklama, *Voyage en Russie , au Caucase et en Perse , dans la Mésopotamie, le Kurdistan , la Syrie , la Palestine et la Turquie , exécute pendant les années . 1865 . 1866 , 1867 et 1868* , Vol: IV , Paris.
-Gardanne, 1809, *Journal D'un Voyage dans la Turquie-D 'Asie et la Perse fait en 1807-1808*, Paris, 1809.
-Hoefer, M. Fred, 1878, *Chaldee, Assyrie, Medie, Babylonie, Mesopotamie, Phenicie, Palmyrene*, Paris.

- Coste, P. X. Coste, 1878, *Mémoires d'un Artiste, Notes et Souvenirs de Voyages (1817-1877)*, Marseille.
-Oppert, Jules, 1863, *Expédition Scientifique En Mésopotamie Exécutée par Ordre du Gouvernement de 1851-1854*, Tome: I, Paris.
-Rousseau, *Description du Pachalik de Bagdad*, Paris, withoute date.

**سێیەم/ کتێب:**

**أ-بە زمانی کوردی:**

-قادر، مەهدی محەمەد، 2008، *هەولێر لە نێوان ساڵانی1914-1930*، دەزگای بەدرخان، هەولێر.
-عەبدوڵلا، د.نەجاتی، *بیبلۆگرافیای کوردناسی/کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدوڵلا، د.نەجاتی، 2009، *بیبلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکاندا* ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

**ب-بە زمانی عارەبی:**

-براور، اريك، 2009، *يهود كردستان*، ترجمة:شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتان ،دار آراس ، اربيل.
-حسين، محسن محمد، 2014، اربيل في العهد الأتابگي، اربيل.
-مجموعة من اساتذة الجامعة، 2012، *أربيل/ دراسة تأريخية*، الطبعة الاولى، مطبعة آراس، اربيل.

**ج-بەزمانی ئینگلیزی:**

-*Cyprus and Asiatic Turkey A Handy General Description of our Eastern Protectorate from the English Cyclopedia*, 1878, London.
-Dikson, E. D., 1894, *The Outbreak of Cholera in Mesopotamia and Syria in 1889, 1890 and 1891*, In: Transections of the Epidemiological Society of London, vol.xiii, Press, London.
- Wilson, Charles, 1895, *Handbook for Travellers in Asia Minor, Transcaucasia, Persia*, John Murray, London.

**د_بەزمانی فرەنسی:**

-Cuinet, Vital, 1891, *La Turquie D, Asie; Géographie Administrative Statistique Descriptive et Raisonnée de Chaque Province de L' Asie Mineure*, Tome Deuxième Ernest Leroux, Paris.

**ە-بەزمانی ئەڵمانی :**

-Petermann, A., *Mittheilungen uus Justus Pertees' & EO & Repiischer Anstalt ober Wichita N'eue Erforschungen aus dem Gesmmtgebiete der Géographie*, Berlin.
-Ritter, Carl, 1840, *Die Erdkunde im Verhaltniss zur Natur*, Berlin.

**و-بە زمانی ئیتاڵی:**

-P. M. Giuseppe Campanile, 1818, *Storia Della Regone Del Kurdistan e Delle Sette Di Religione Ivi Esistenti*, Napoli.

**چوارەم/توێژینەوە:**

**أ-بەزمانی کوردی:**

-هەروتی، د.سەعدی عوسمان ، 2018، *لاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی هەولێر لەسەردەمی عوسمانیدا*، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد(3)، العدد(4)، خريف.

**ب-بەزمانی عارەبی:**

-قادر، د.جبار ، 2018، *اربيل في السالنامات العثمانية*، مجلة الأكاديمية الكردية، عدد(26)، اربيل.

**ج-بە زمانی ئینگلیزی:**

_ Perkins, Justin, *1850, Journal of a tour from Oroomiah to Mosul, through Kurdish Mountains, and a visit to the Ruins of Nineveh*, In: Journal of the American Oriental Society, Second Volume, May 24, New York.

- *Jewish Intelligence, and monthly account of the proceedings of the London Society for Promoting Christianity amongst the Jews*, vol:XIV,1848, London.

-*Missionary Herald*, vol:xlvii, Boston,1851.

- Shiel J., 1838, *Notes on a Journey from Tabriz, through Kurdistan, via Van, Bitlis, Seert, and Erbil, to Suleymanyeh in July and August, 1836*, In:The Journal of the Royal Geographical Society of London"Magazine", vol: Eight, Clowes and sons, London.

**د- بەزمانی فڕەنسی:**

- Cle'ment, A., 1866, *"Excursion dans le Kurdistan Ottoman méridional; de Kerkouk a' Rawanduz en 1856"*, In: Mémoire de la Société de Géographie de Genève, Genève.

## ملخص البحث

تشكل المعلومات التى وردت في كتب الرحلات اهمية كبيرة في القاء الضوء على الجوانب الخفية من تاريخ الكورد الحديث، و خاصة تلك المتعلقة بالحقب التاريخية التي تندر عنها المعلومات أو التي سجلت بشكل خاطيء او غير سليم سواء كان ذلك متعمد او غير متعمد. لذلك يمكننا الاعتماد عليها مع اخذ الحذر و الحيطة و التحفظ في التعامل معها.

من هذا المنطلق تم اختيار موضوع **(مدينة اربيل في مذكرات الرحالة الأوروبين في القرن التاسع عشر/ دراسة في الأوضاع العمرانية و الأقتصادية و الاجتماعية)** ليكون عنوانا لبحثنا هذا، والذي يتألف من مقدمة و ثلاثة مباحث منتهيا بأهم النتائج. خصص المبحث الأول لألقاء الضوء على الحالة العمرانية في اربيل كما رصدها الرحالة، وقد حاولنا اجراء مقارنة بين المعلومات التي سطروها.

أما المبحث الثاني فقد تناول الأوضاع الأقتصادية للمدينة والتي تشمل قطاعات الزراعة، التجارة والحرف وفقا لما تطرق اليها الرحالة الأوروبيون. في حين خصص المبحث الثالث و الأخير لبيان الأحوال الأجتماعية السائدة في مدينة اربيل، حيث عرضنا فيها ملاحظات الرحالة و انطباعاتهم حول عدد السكان و مكوناتهم و مستوياتهم المعاشية، بالأضافة الى الحالة الصحية و المستوى الثقافي والعادات و التقاليد السائدة، مشفعا بالأدلة و المعلومات التحليلية لكل مرفق في المرافق المذكورة. و ختاما لخصنا اهم ما توصلنا اليها من النتائج في نقاط موجزة.

## Abstract

The information contained in the travel books is of great importance in shedding light on the hidden aspects of the modern history of the Kurds, especially those relating to the historical periods in which information is rare or recorded wrongly or improperly, whether intentionally or unintentionally. Therefore we can rely on them with caution, caution and restraint in dealing with them.

From this point of view, the topic of **(Erbil in the Memoirs of European Travelers in the Nineteenth Century /A Study of Urban, Economic and Social Conditions)** was selected as

the title of this research, which consists of an introduction and three chapters, ending with the most important results. The first topic was devoted to shed light on the urban situation in Erbil as monitored by the traveler, and we tried to compare the information they wrote.

The second topic dealt with the economic situation of the city, which includes the sectors of agriculture, trade and crafts as touched by European travelers. While the third and final section of the social conditions in Erbil was presented in which we presented the traveler's observations and impressions on the population, their components and their living standards, in addition to the state of health, the cultural level, customs and traditions. In the facilities listed. In conclusion, we summarized our main findings in brief points.